
## خەلیل موراد وەندی:

# سەرەتا بە دەنگی مەزهەری خالیقی سەرسام بووم و گۆرانییەکانی ئەوم دەگوتەوە.. ئەو گۆرانیانەی لە ناوچەکەی ئێمەشدا دەگوتران، هەمووی کوردی بوون.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(١ - ٤)



* خەلیل موراد خان عەلی، کە بە خەلیل موراد وەندی ناسراوە، هونەرمەندێکی دەنگخۆشی ڕەسەن و خۆشەویستی کوردستانە، لە ساڵانی شەستەکانەوە بەشێک لە گوێگران، پاشان لە ڕێی تەلەڤزیۆنەکانەوە بینەرانی کورد بە دەنگی ئاشنابوون، خاوەنی دەنگێکی زوڵاڵە، چریکە و سەدایەکەی لەناو ڕەسەنایەتییەوە هەڵقوڵاوە، ئەو ڕەسەنایەتییەی گەرمیان، لە گوند و دەڤەرەکەی خۆیەوە، چووەتە ناو هەست و نەست و ژێیەکانی دەنگ و دەمارەکانییەوە، ئەمەش تاموبۆیەکی گەرمیانیانەی تایبەتی بە دەنگ و هونەرەکەی داوە. لەوساوە تا ئەو کاتەی نەخۆشی بەرۆکی گرت، بەبێ وەستان و دابڕان، خزمەتی ئاواز و گۆرانیی کوردی کردووە و لێبڕاوانە برەوی بە ڕەسەنایەتی ئەو بوارە گرنگەی میللەتەکەی داوە.

* ئەم هونەرمەندە کە لەدایکبووی گوندی (سەید برزۆ)ی نزیکی شاری خانەقینە، لە ساڵی ١٩٤٧، لە خێزانێکی دەستکورت و نەدار، بەڵام کوردپەروەر و سەربەرز لەدایک بووە و چاوی بۆ دنیا هەڵێناوە، هەر لەوێش فامی کردووەتەوە و منداڵیی خۆی بەسەر بردووە. سەرەتا لە خانەقین چووەتە بەر خوێندن و لە ماڵی میمکی (جەیران عەلی ڕەزا ناسر) ماوەتەوە و قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (غازی)ی یەکەم تەواو کردووە، دوایی بۆ قۆناغی ناوەندی، هەر لە خانەقین، لە ناوەندیی خانەقین خوێندوویەتی، قۆناغی سانەوی (دواناوەندی)، لە سانەویی خانەقین لەسەر خوێندن بەردەوام بووە،

بەڵام لەبەر ئەوەی لە دوا ساڵیدا دەرنەچووە، ئیتر ڕووی کردووەتە شاری بەغدا و لە ماڵی (محەمەد موراد خان)ی مامی، کە دواتر دەبێتە خەزووری دەمێنێتەوە و لەوێ درێژەی بەخوێندنەکەی داوە. ئەو کە ناوەندی لە خانەقین تەواو دەکات، وەک قوتابییەکیش خوێندنی چواری سانەویش هەر لەو شارەدا دەخوێنێ، لە (٥)ی سانەوی، کە ئەوکاتە شەش نەبووە و تا (٥) خوێنراوە، دەچێتە بەغدا و لەوێ ئامادەیی (التفیض)ی ئەهلی ئێواران، کە لە گۆڕەپانی (خەلانی)یە تەواو دەکات، دوا بەدوای ئەوە، لە ساڵی ١٩٦٨ لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەردەگیرێ، لە ساڵی ١٩٧٣، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا بە دەست دەهێنێ، بەوەندەش ناوەستێ، بگرە خولیا و حەزی خوێندن وای لێ دەکەن، لەسەر خوێندن بەردەوام بێ و دیبلۆمی باڵا لە (ڕێگەکانی وانەوتنەوە – طرق التدریس)، لە ساڵی خوێندنی (١٩٧٤ – ١٩٧٥) تەواو دەکات.

* ئەم هونەرمەندە، دوای ئەوەی خۆی بۆ هونەر گورج دەکاتەوە و دەکەوێتە خۆی، لە ساڵی ١٩٧١، واتە لە پاش ئەوەی لە لیژنەی تاقیکردنەوەی دەنگ، دەنگی پەسەند دەکرێ، بگرە زۆریش دەنگەکەیان پێ خۆش دەبێ، بۆیە هەر لەو ساڵەوە بۆ هاتوچۆی ئێزگەی کوردی پێی دەکرێتەوە و هونەرمەند عەلی مەردان دەناسێ، زوو زوو دەچێتە لایان، هەر ئەو کاتەش بووە شیعری (خۆشەویستەکەم، ئارامی گیانم)ی بەرچاو دەکەوێ، شیعرەکە کە هی م. ئیبراهیم ئەحمەدە، دەباتە لای عەلی مەردان، ئەویش کە لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ لە ئێزگە ئامادە بووە، چونکە لە هەردوو لیژنەی تاقیکردنەوەی دەنگ و تێکستی شیعریشدا بووە، کە شیعرەکەی دەداتێ، داوای لێ دەکات، ئاوازی



ئازاد عەبدولواحید ـــ خەلیل موراد وەندی

بۆ دابنێ، زۆر نابات ئاوازێکی زۆر جوان و خۆش و نایاب بۆ شیعرەکە دادەنێ، ئەویش لەگەڵ تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردی دەکەوێتە مەشق و ڕاهێنان و لەسەر ئاوازەکە پەراوە دەکات.

* هونەرمەند خۆی دەڵێ هەر پرۆڤەم لەسەر گۆرانییەکە دەکرد و دەچوومەوە لای، پێی دەگوتم هێشتا ماوتە و زیاتر پرۆڤەی لەسەر بکە، ئەوە بوو دوای (٦) مانگ ئاوازەکە تۆمار دەکا، بەڵام ماوەیەکی پێ چووە تا گۆرانییەکە پەخش و بڵاوکراوەتەوە، گۆرانی دووەمی (نامەوێ نزیکی یاران)ی هەر لە ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمار کردووە، کەچی ئەم گۆرانییە پێش (خۆشەویستەکەم) بڵاوکراوەتەوە، دوای ئەو گۆرانییە، ئەوجا گۆرانی (خۆشەویستەکەم) لە ئێزگەی کوردی بڵاو دەکرێتەوە، ئەو سەردەمە هەردوو گۆرانییەکە زۆر دەنگیان دایەوە و لەناو خەڵکیدا پێشوازییەکی زۆر گەورەیان لێ کرا و لە کوردستاندا جێگەی خۆیان کردەوە، من ئەوکاتە مێردمنداڵ بووم، کە گوێم لە گۆرانیی (خۆشەویستەکەم) بوو، بەو سۆز و ئیحساسە جوانە دەگوترێ، زۆر زوو چووە دڵمەوە.

* خەلیل موراد وەندی کە لەناو خانەوادەکەی خۆیاندا، (٣) برا و (٥) خوشک بوون، لەناو

خوشک و براکانیدا زیاتر ئەو هەڵکەوتووە و دەرکەوتووە، هەر ئەویش بەتەواوی بەلای هونەردا شکاندوویەتییەوە و خۆی بۆ تەرخان کردووە، هەرچەندە یەکێک لە خوشکەکانی لەناو پرسەکاندا، بەتایبەتی پرسەی خزمان و ناسیاو و کەسە نزیکەکانی خۆیان، بە دەنگی پڕ سۆزی خۆی، مردووەکانی لاواندووەتەوە و سەردولکەی بەسەریاندا هەڵگوتوون، هەموو ئەوەشی بەبێ بەرانبەر و بەخۆڕایی کردووە، تەنیا ئەو خوشکەی لەنێو خوشکەکانی دیکەیدا وەک دەنگخۆشێک دەرکەوتووە و هونەرەکەی خۆی نیشان داوە، بەڵام لە هیچ چالاکییەکی هونەریدا، لە قوتابخانە، یان لە بۆنەکاندا وەک دەنگخۆش دەرنەکەوتووە، نە سروودی گوتووە و نە لەگەڵ هیچ گرووپ و تیپێک بەشداری کردووە، ئەگەر بهاتبا ئەوەی بکردبایە و هەلومەرجی شارەکەی بۆ کاری هونەری لەبار بووایە، ئەوە وەک ئافرەتێک، لە مێژووی هونەریی شارەکەدا، ڕچەکەی دەشکاند و لەوانەبوو زۆر ئافرەتی دی چاوی لێ بکەن و بێنە پێشەوە، بەمەش هونەر لە دەڤەرەکەدا قەڵەمبازی گەورەی دەهاوێشت و زۆر پێش دەکەوت. دیارە خانەوادەکەشی بۆ هونەر هانیان نەداوە، چونکە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی کوردەواری لەو سەردەمەدا، بۆ کاری هونەری و هاتنەپێشەوەی ئافرەتان هاندەر نەبووە، بۆیە ئەویش تەنیا لە ماڵی خۆیان، بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانی، یان بۆ پرسە تایبەتەکانی خزمان و کەسوکاری، بەهرەی دەنگخۆشییەکەی دەرخستووە.

* ئەگەر نواندنی ئەو بەهرەیە، بۆ خوشکەکەی لەبار نەبووبێ، ئەوە بۆ براکانی جەلیل و جەمیل وەندی کە لە خۆی بچووکتر بوون، بە شێوەیەکی دی کەوتووەتەوە، ئەو برایەکی کە ناوی (جەلیل وەندی)یە و لە سەرەتای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ شەهید بووە، وەک خەلیل وەندی دەنگی خۆش بووە، بۆیە لەگەڵ قوتابییە هاوتەمەنەکەکانی خۆی، (٢) جار سەردانی ئێزگەی کوردی کردووە و نیازی بووە گۆرانی تۆمار بکات، هەندێ گۆرانیشی تۆمار کردووە، بەڵام کەس نازانێ ئەو بەرهەمە تۆمارکراوانەی کەوتوونەتە کوێوە، ماون، یان فەوتاون. لە سەرەتای ڕاپەڕینیش، بەهۆی شەهیدبوونییەوە فریا نەکەوتووە هیچ گۆرانییەکی دی تۆمار بکات، بەڵام پێش ئەوەی شەهید بێ، لەگەڵ هونەرمەند حەمە جەزا، بە دووقۆڵی گۆرانییان گوتووە و تۆمار کراوە، ئێستا کەسوکارەکەی دەڵێن نەوارەکە دیار نییە و نازانن کەوتووەتە لای کێ، لەوانەیە ئەوەش فەوتا بێ. وەک خەلیل موراد وەندی برای دەڵێ، لەو سەرەتای دەستپێکردنەیەوە گۆرانییەکانی فۆلکلۆری ناوچەی خۆیان بووە. سەرەتا ویستوویەتی لاسایی برا گەورەکەی بکاتەوە، دواتر لاسایی هونەرمەند مەزهەری خالیقی کردووەتەوە و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی ئەوی گوتووەتەوە، چونکە هێشتا نەهاتووەتە سەر ئاوازی تایبەت بەخۆی. برا بچووکەکەشی کە ناوی جەمیل موراد خان بووە، لە ١٩٨٠/١٢/١ لە شەڕی عێراق- ئێران کوژراوە، ئەو برایەی دەنگی زۆر خۆش بووە و لە جەلیل وەندی برای بەناوبانگتر بووە، گۆرانی (هەر ماڵێ گیسکێ، خۆم تەنیا گوڕێ (گوێرەکە))ی تۆمار کردووە، ساڵی ١٩٧٨ لە هەولێر، لە هۆڵی گەل لەگەڵ هونەرمەندان قادر زیرەک و عارەب عوسمان و جەلال سەعید و گۆرانبێژانی شاری هەولێر بەبۆنەی جەژنی نەورۆز گۆرانی گوتووە. لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکاندا لەگەڵ حەمە جەزا لە ماڵ گۆرانییان گوتووە، شایانی باسە، هونەری دەنگخۆشیی خەلیل موراد وەندی و ئەو خوشک و دوو برایەی زیاتر بۆ دەنگخۆشیی باوکیان دەگەڕێتەوە کە (لۆرەلۆر) ی بۆیان گوتووە، ئەو تەرزە هونەرەش دەچێتەوە

سەر هۆرەی ڕەسەنی جافایەتی، کە لەلای ئەوان بەیەک دەنگی و دوو دەنگی گوتراوە.

* خەلیل موراد وەندی، دوای کۆتایی هێنان بە خوێندنەکەی و تەواوکردنی دیبلۆمی باڵا، گەشتی مامۆستایەتییەکەی دەست پێدەکات و بە پیشەی مامۆستایەتییەوە خەریک دەبێ، کە یەکەم جار بە مامۆستا دادەمەزرێ، سەرەتا لە فەللوجەی ناوەڕاستی عێراق، (٣) ساڵ لە کەرتی پەروەردە خزمەت دەکات، ئەوجا وەک مامۆستایەک خزمەتەکەی بۆ ناو بەغدا دەگوێزرێتەوە، لەوێش ماوەی (٢) ساڵ وانەی مۆسیقا و دەروونناسی لە پەیمانگەی مامۆستایان دەڵێتەوە. لە ساڵی ١٩٨١ لەسەر داوای خۆی خزمەتەکەی گواستراوەتەوە کوردستان و لە شاری هەولێر دەگیرسێتەوە، لەو کاتەوە لە زانکۆکانی سەلاحەددین و سۆران و پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان، وانەی مۆسیقا و دەروونناسی گوتووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦ لە زانکۆی سۆران کە بڕیاردەری بەش بووە، هەر لەوێش بەرپرسی ڕاگەیاندن و مامۆستای ئەو زانکۆیە بووە، تا ساڵی ٢٠١٧ لەوێ دەمێنێتەوە، ئیتر خانەشین دەکرێ.

* ئەو هونەرمەندەی گەرمەسێر، کە هەر لە مێردمنداڵی و تافی لاوێتییەوە، حەزی لە هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووە و لەو کاتەوە کەڵکەڵەی گۆرانیگوتنی لەسەردا بووە، لەو کاتانەدا کە لە خانەقین قوتابی خوێندنی سانەوی بووە، لەگەڵ هاوڕێکانی عومران باوەمیر و خالید خان موراد و ئەحمەد و ئەکرەم ڕەشید و کەنعان خدر و حسێن عەلی عەباس وەندی پووزای و ناسر حەسەن کە دواتر زۆربەی گۆرانییەکانی بۆ تۆمار کردووە، چوونەتە (مونزریە) و (قەسری شیرین) و (سەرپێڵی زەهاو)، چونکە ئەو شارانە زۆر لە گوندەکەیانەوە دوور نەبووە، بەهۆی نزیکی ئەو شارانە لێیانەوە، بە ئاسانی چوونەتە ئەوێ، بە تایبەتی کە هیچ ڕێگرییەک لەبەردەمیاندا نەبووە، سنوور بۆیان کراوە بووە و کەس ڕێی ئەم هاتوچۆیەی لێ نەگرتوون، ئەو چوونانەشیان زیاتر بۆ خوێندن و سەعی کردن بووە. یەکێک لەو جارانە بەدەم ڕێگەوە، لەبەردەمی خۆیەوە گۆرانییەک بۆ خۆی دەڵێ، کە گۆرانییەکە هیی مەزهەری خالیقی بووە، ئەو هاوڕێیانەی کە گوێیان لە دەنگی دەبێ، زۆر بە دەنگەکەی سەرسام دەبن، هەر ئەوکاتە یەکێک لە هاوڕێیەکانی، (خالید خان موراد) دەیباتە ماڵی خۆیان، ئەوان لە ماڵەوە (ڕیکۆردەر — مسجلە)یان هەبووە، بۆیە دەنگی تۆمار دەکات و دەنگەکەی بۆ لێ دەداتەوە، خەلیل وەندی دەنگەکەی خۆی پێ باش بووە، هاوڕێکەشی زیاتر هانی دەدا لەسەر گۆرانیگوتن بەردەوام بێ، ئەو خولیایە لەسەریدا دەمێنێتەوە تا بۆ تەواوکردنی پۆلی (٥)ی سانەوی ڕوو دەکاتە بەغدا و لەوێ پێوەندی بە ئێزگەی کوردییەوە دەکات.

* لە ساڵانی شەستەکاندا ئەم هونەرمەندە چووەتە بەغدا، دوای ئەوەی لەوێ (٥)ی سانەوی تەواو دەکا، ساڵی ١٩٦٨ لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٧٤ دەکەوێتە ناو کەشوهەوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی، ئەو (٤) ساڵە کە بەسەردەمی زێڕینی گەشەکردن و بووژانەوەی ئەدەبیات و هونەر و ڕۆژنامەگەریی کوردی دادەنرێ، ئەوەی بۆ بووەتە دەرفەتێکی زۆر گونجاو کە بەهرەکەی خۆی بناسێنێ، ئەو کاتەش قوتابی بەشی کوردیی کۆلێژی ئاداب بووە، بۆیە بە دەنگە زوڵاڵ و خۆشەکەی، لە هۆڵەکانی خوێندنی کۆلێژ، بە داوا و تەکلیفی هاوڕێ قوتابییەکانی گۆرانی

گوتووە، سەرەتا بە شێوەزاری کەلهوڕی دواوە و هەر بەو شێوەزارەش گۆرانی (بەوبەو بەوبەو، خانمە خاسەکە)م گوتووە، کە لە کۆڕی ئەو هاوڕێ و دۆستانەی، دەسپێکی گۆرانیگوتنی بووە، بەم شێوەیە لەگەڵ قوتابیانی بەشەکەی گۆرانی وتووە، لە ئاهەنگەکاندا بەو گۆرانییە فۆلکلۆرییە باوەی خانەقین، لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئاهەنگەکانی یەکتر ناسیندا پتر ناسرا، هەروەها گۆرانیشی بە عەرەبی گوتووە، لەوانە گۆرانییەکانی نازم غەزالی و محەمەد گوبانچی و یاس خزر و حسێن نیعمە و فازڵ عەوادی گوتووەتەوە، ئیدی ناووناوبانگی لەناو قوتابیان و کوردانی شاری بەغدا و قوتابیانی بەشی کوردی و بەشەکانی دیکەی زانکۆکانی بەغدا کە کوردی زۆری لێ بوون، تەنانەت ئەو عەرەبانەش کە حەزیان بە گوێگرتن لە گۆرانی کوردی بووە و تێکەڵاوی کوردەکان بوون، بەم شێوەیە کورد و عەرەب لە بەغدا کە گوێیان لەو دەنگە سازگارەی بووە، زیاتر هانیان داوە لەسەر هونەرەکەی بەردەوام بێ.

* لە پاش ئەوەی دەچێتە شاری بەغدا، یەکەم جار لە ئێزگەی کوردی، لەوێ هونەرمەند عەلی مەردان دەناسێ، کە ئەو کاتە لە لیژنەی تاقیکردنەوەی دەنگی بەهرەدار و دەنگخۆشەکاندا بووە، هەر ئەو کاتە لەناو گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ کە بەهۆی ڕێککەوتننامەی نێوان شۆڕش و حکوومەت ژمارەیان ڕووی لە زیادبوون کردووە، بەڕێکەوت شیعری (خۆشەویستەکەم)ی دەکەوێتە بەرچاو، بۆیە کە دەیخوێنێتەوە و زۆر بە دڵی دەبێ، شیعرەکە لەگەڵ خۆی دەباتە ئێزگەی کوردی و یەکسەر ڕوو دەکاتە لای م. عەلی مەردان، کە شیعرەکەی دەداتێ، داوای لێ دەکات بیخوێنێتەوە و ئاوازی بۆ دابنێ، ئەویش کە شیعرەکەی بەدڵ بووە، دڵی ئەو لاوە دەنگخۆش و بەهرەدارە ناشکێنێ و ئاوازێکی زۆر جوانی بۆ دادەنێ، لەپاش ئەوەی بەهۆی تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردییەوە پەراوە لەسەر ئاوازەکە دەکات، گۆرانییەکە لە ئێزگەی کوردی تۆمار دەکرێ، ئەم کارەشی وەک یەکەم هەنگاو و سەرەتایەکی سەرکەوتووی تۆکمە، زیاتر هانی دەدا بێتە ناو دنیای گۆرانی و مۆسیقای کوردییەوە، لەبەرئەوەی ئەو هونەرمەندە گۆرانییەکەی بەکەفوکوڵ و هەست و سۆزێکی زۆرەوە گوتووە، لە ناخێکی گەرم و دڵ و دەروونێکی هەڵقرچاوەوە دەیڵێ، بۆیە هەر زوو چووە ناو دڵی گوێگرانی و زۆر بەلایانەوە خۆش و پەسەند بووە، لەبەر ئەوەشە لەناو خەڵکی کوردستاندا، وەک گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش و سەرکەوتوو، جێگەی خۆی لەناو دڵ و دەروونیاندا دەکاتەوە.

* خەلیل موراد وەندی، وەک کەسێکی هۆگری گۆرانی و مۆسیقای کوردی، هەر لە سەرەتاوە حەزی بە خزمەتی ئەو هونەرە کردووە، هونەرەکەشی لەکانیاوی ڕەسەنایەتی هەڵێنجاوە، لە منداڵییەوە گوێچکەی بەدەنگی زۆر دەنگخۆشی ڕەسەن ئاو دراوە، بۆیە خۆشی وەک قورگ و دەنگێکی ڕەسەن، بە ئاواز و میلۆدییە ڕەسەن و جوانەکانی، توانیوتی خزمەتێکی بەرچاو بە هونەری کوردی بکات و ببێتە خاوەنی ستایلێکی تایبەت بە خۆی و دەنگ و شێوەی چڕینی جیاوازی هەبێ، بەمەش توانیویەتی خۆی لە هونەرمەندانی دی جیا بکاتەوە و لە کەسیان نەچێ، ئەگەرچی ئەو لە ڕێگەی ئێزگەی ڕادیۆی کرماشان، سوودی زۆری لە هونەرمەندی گەورە مەزهەری خالیقی، هەروەها هونەرمەندە ڕەسەنەکانی پێش خۆی لەوانە: عەلی مەردان و خوداد عەلی و حسێن عەلی، ... تاد وەرگرتووە.

* هونەرمەند خەلیل موراد وەندی، وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر، کە سەرەتای دەرکەوتن و ناوبانگ پەیداکردنەکەی کەوتووەتە ناو

کەشوهەوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، بۆیە لە زۆربەی هەرە زۆری بۆنەکانی نەتەوە و نیشتمان بەشداربووە، بەشێکی زۆری ئەو بەشداربوونانەی لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ڕێککەوتننامەکە، لە شاری بەغدا و لە هۆڵی خولد و (صدر القناة)دا بووە، لەبەر دەنگخۆشی و خۆشەویستی خەڵکی بۆ هونەرەکەی، بەهۆی هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی، هەمیشە یەکێک لە بەشداربووە بەردەوامەکانی ئەو بۆنانە بووە، سەرەڕای خۆشەویستیی جەماوەرەکە بۆ خۆی و دەنگەکەی، کە لەو ساڵانە و دواتریش، دەنگەکەیان زۆر پێ خۆش بووە و لەو بۆنانەدا داوایان لێ کردووە گۆرانی بڵێ، بۆیە لە هەر ئاهەنگێکدا بەشدار بووبێ، ئەوە خەڵکێکی زۆر ئامادەی بۆنە و ئاهەنگەکان بوون، جار لە دوای جاریش پتر حەزیان بە گوێگرتن لە دەنگ و سەدا و ئاوازە ڕەسەنەکانی بووە و زیاتر چووەتە دڵانەوە.

* خەلیل موراد وەندی، هەرچەندە لە شارەکەی خۆی (خانەقین)، کەشوهەوا و بارودۆخەکەی بۆ کاری هونەری بەگشتی و گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەتایبەتی زۆر لەبار نەبووە، لەوەش بترازێ گۆرانی و مۆسیقا، ئەوەندە لەناو خەڵکیدا جێگەی بایەخ نەبووە، بۆیە نە لەناو ماڵەکەیان و نە لە ناو قوتابخانە و نە لە شارەکەیدا، مەگەر زۆر بەدەگمەن، دەنا تووشی کەسی وا نەبووە دەستی بگرێ و زیاتر بۆ هونەر هانی بدا، تا ئەویش تەشویق ببێ و بایەخ بە قورگی و بە هونەری گۆرانی بدا، بۆیە هەر کارێکی لەو بوارەدا کردوویەتی، سەرەتاکەی پتر بەهۆی سووربوون و حەزی خۆیەوە بووە، هەر خۆی لەناو کۆڕ و دانیشتنی هاوڕێ نزیکەکانی گۆرانی گوتووە و بەهرە و توانایی و دەنگخۆشییەکەی خۆی بۆیان دەرخستووە، دواتریش هەر خۆی چووەتە بەغدا و پێوەندی بە ئێزگەی کوردی، لەوێشەوە بەهونەرمەند (عەلی مەردان)ەوە کردووە، هەر خۆی بۆ یەکەم جار شیعرێکی جوانی دەستنیشان کردووە و بۆ گۆرانی هەڵیبژاردووە و بردوویەتی بۆ لای عەلی مەردان و داوای لێکردووە ئاوازێکی بۆ دابنێ، بێگومان ئەوەش دوای ئەوە دێ کە لەلایەن ئەندامانی لیژنەکەوە، بەتایبەتی لەلایەن مامۆستا (عەلی مەردان)ەوە دەنگی پەسەندکراوە، هەر ئەویش کە پێشتر گوێی لە دەنگی بووە، بێ دوودڵی شیعرەکەی لێ وەرگرتووە و بڕیاری داوە ئاوازی بۆ دانێ.

* دوای ئەو سەرەتا و قۆناغە، خەون و ئاواتەکانی لە دنیای هونەردا گەورە و فراوانتر بوون، بۆیە ویستوویەتی بێجگە لە گۆرانیگوتن، پەرە بە بەهرەکەی خۆی بدات و خۆی فێری ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا بکات، ئەوە بوو کە لەسەر خواستی خۆی هاتەوە هەولێر و بووە مامۆستا، بەهۆی هونەرمەندی میوزیکژەن و ئاوازدانەر ڕزگار حەسەن خۆشناو فێری نۆتە و عوودژەنین بوو، سوودی زۆریشی لە هونەرمەند وریا ئەحمەد وەرگرت، بە مانەشەوە نەوەستا، پێوەندی بە هونەرمەندانی سلێمانی: ئەنوەر قەرەداغی و خالید سەرکارەوە کرد و سوودی لەوانیش وەرگرت. لە ناو هەموو ئامێرەکانی مۆسیقا، هەوڵی دا خۆی فێری ئامێری عوود بکا، بۆ ئەوەی بە باشی فێری ببێ، پێوەندی بە زۆربەی میوزیکژەنە باش و ناسراوەکانی کوردەوە کردووە، تا بەتەواوی لێیانەوە فێر بێ، پاش ئەوەی فێری ئەو ئامێرە دەبێ، ئەویش لەلای خۆیەوە هەوڵی داوە لە پەیمانگە و زانکۆکانی کوردستان قوتابییەکانی خۆی فێری مۆسیقا و ژەنینی ئامێرێک بن، هەوڵیشی

داوه خۆشەویستی هونەریان لەلا بچەسپێنێ.

* ئەو هونەرمەندە هەر لە سەرەتاوە لەسەر ڕێگەیەکی ڕاستودروست هەنگاوی هەڵێناوە و چووەتە پێش، هەر هەڵبژاردنی مامۆستای گەورەی مەقامات عەلی مەردان و نزیکبوونەوە لێی، ئەوە بۆ خۆی بڕیار و هەڵبژاردنێکی ورد و ژیرانەیە کە بەو هۆیەوە توانی ببێتە خاوەنی ئاوازێکی جوان و سەرکەوتوو، بەمەش لەناو گوێگرانی سەرتانسەری کوردستاندا دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، هەر لەو سەرەتا و هەڵبژاردنەوە کە ئەنجامی لێکدانەوە و بۆچوونێکی وردە لە هەڵسەنگاندن و سەرسامبوون بەو کەسایەتییە گرنگە، ئەو دەستنیشانکردنەش گرنگییەکەی لەوەدایە، ئەو هونەرمەندێکی گەرمەسێرە، تایبەتمەندی قوڕگ و دەنگەکەی لەلای کەسێکی وەک عەلی مەردان کە ئەویش هونەرمەندێکی گەرمیانییە، بەشێکی گرنگی سەرکەوتنەکەیە، دیارە ئەویش بەهرەیەکی گەورە و جیاوازی لەودا بەدی کردووە، بۆیە بەپیر داواکەیەوە چووە و ئاوازی بۆ داناوە و هانی داوە بێتە ناو دنیای هونەرەوە، دواتر کە خەلیل وەندی شارەزایی لە مەقاماتیشدا پەیدا دەکا، ئەو شارەزابوون و زانیاریانەی لە مامۆستایەکی گەورەی مەقامات بەدوور نەبووە و لە هونەرەکەیدا سوودی لێوەرگرتووە و ڕەنگی داوەتەوە.

* خەلیل موراد وەندی، خۆی دەرچووی بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدایە، وەک لە قسەکانیڕا دیارە، هەر لە سەرەتاوە حەزی بە شیعر و ئەدەبیات و زمانی کوردی کردووە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کوردەوە، بەسەر شیعری جوانی کوردیدا کەوتووە و شیعرێکی جوانی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی ئاوازی بۆ دابنێ و بیکاتە دەسپێکی بڕینی کاروانی هونەریی خۆی، هەر ئەو چێژوەرگرتن و بەدواداچوونەش بەدوای شیعری کوردیدا بووە، دواتر وایان لێکردووە خۆیشی هەندێ شیعری جوان بۆ گۆرانییەکانی خۆی دابنێ و لەم ڕووەوە بۆ شیعری گۆرانییەکانی دانەمێنێ و پەکی نەکەوێ، بۆیە شیعری بۆ بەشێکی گۆرانییەکانی خۆی داناوە، هەر بەهۆی ئەو شارەزاییەی لە ئەدەبیات، بە تایبەتیش لە شیعردا، کارێکی وای کرد ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ عەلی مەردان لە لیژنەی پشکنینی دەقی شیعر و تێکستی گۆرانی کار بکات، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە قوتابی بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا بووە، جگە لەوەی شیعری خۆی لە گۆرانییەکانیدا بەکارهێناوە، شیعری خۆشی داوەتە زۆر گۆرانبێژی دیکە، لەوانە شیعرێکی مەنەلۆجی داوەتە حەسەن دڵسۆز، هەروەها شیعر و ئاوازیشی داوەتە هەر یەک لە حەسەن هەیاس، عەلی مەهدی، ئیسماعیل وەندی، فوئاد ئەحمەد، گوڵبەهار، جاسم وەندی و ئەحمەد شێخاڵی، زۆر لە گۆرانییە تۆمارکراوەکانیشی، خۆی ئاوازی بۆ داناون.

* ژیان و ڕابوردووی هونەریی ئەم هونەرمەندە، مێژوویەکی دووروودرێژ و دەوڵەمەندی هەیە، لە ماوەی پتر لە نیو سەدە کارکردن لە بواری هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا، توانیویەتی زیاتر لە (٦٥) گۆرانی بۆ ئێزگەی کوردی بەغدا تۆمار بکا، هەرچەندە وەک ئاگادارین ئەرشیفی دەوڵەمەندی ئەو ئێزگەیە لە جەنگی هاوپەیمانان و عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٣ بە هۆی ئەوەی ئێزگەی کوردی، بەشێکی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی عێراق بوو، بەر بۆردومانێکی وێرانکەری چڕ و خەستوخۆڵ کەوت، ئەوەی هەبوو و نەبوو

لەناوچوو، ئەوی دیکەی پەرتوبڵاوبوونەوە کە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ کەس نازانێ ئەو ئەرشیڤە دەوڵەمەندەی ئێزگەی کوردی چارەنووسی چی لێ بەسەرهات، دڵنیاشم بەشێکی زۆر گرنگی ئەشیڤی ئەو هونەرمەندەش بەهۆی ئەو بۆردومانەوە فەوتاوە، ئەگەر لەلای خۆی، یان لەلای کەسانێک لە ئەرشیڤی تایبەتی خۆیان نەپارێزرابێ، ئەوە ڕەنجی ئەو هەموو ساڵانەی تەمەنی بەفیڕۆ ڕۆیشتووە، بێجگە لەو گۆرانییانەی بۆ ئێزگە تۆماری کردوون، نزیکەی (٢٢) گۆرانیشی لە تەلەڤزیۆنەکانی بەغدا و کەرکووک و کەناڵەکانی کوردستان تۆمارکراون، بەداخەوە ئەو ئەرشیڤەی تەلەڤزیۆنیشی دیار نییە، تەنبەڵی و کەمتەرخەمی خۆیشی وەک هەموو هونەرمەندانی دیکەی کورد، کە بایەخ بە ئەرشیف نادەن، هۆکاری فەوتانی ئەو ئەرشیڤە هونەرییە دەوڵەمەندەیە، کە هەرگیز قەرەبوو ناکرێتەوە، دەبوو لەدوای ڕاپەڕین کە خۆشی لە کوردستان (هەولێر) دەژیا، بەهۆی ئەو هەموو کەناڵە جۆراوجۆرانەی تەلەڤزیۆن، سەر لەنوێ کلیپ بۆ هەندێ لە گۆرانییەکانی بکات و نوێیان بکاتەوە، هەر هیچ نەبێ بۆ ئەوەی وەچەی ئەمڕۆکەمان لەو دەنگ و سەدا و هونەرە ناوازەیە بێبەش نەبن و بۆ داهاتووش لە ئەرشیڤدا هەڵبگیرین و بمێننەوە.

* ئێمە دەمێک بوو لە بەرنامەماندا بوو گفتوگۆیەکی فراوان و هەمەلایەن لەگەڵ ئەو هونەرمەندەدا بکەین، بەڵام کە درەنگ کەوت خۆی هۆکاری دواکەوتنەکە بوو، چونکە تەنبەڵی دەکرد و بەردەوام دوای دەخست، ئەم مانگە بەو مانگە و ئەو ساڵە بەو ساڵەی دەسپارد، دواجار پێش ئەوەی نەخۆش بکەوێ و جەڵدەی مێشک لێی بدا، بەڵێنی دامێ کە خۆی دێتە ڕامان و لەوێ گفتوگۆکەمان دەکەین، دوای چەند سەعاتێک گفتوگۆ، بۆ تەواوکردنی قسەکانمان، بە داخەوە لە پڕ تووشی ئەو نەخۆشییە کتوپڕە بوو، کە لە مردن نزیکی خستەوە، بۆیە چاوەڕێم کرد تا باشتر بوو، ئیدی وردە وردە کەوتمە دواندنی، سەرەتا زۆر باش هێنامان، یەکەم دانیشتنم لەگەڵی (٢) کاتژمێر قسەمان تۆمار کرد، زۆر باش قسەی کرد، دوایی هەر جارێ سەعاتێک گفتوگۆم لەگەڵی دەکرد، تا توانیم ئەو زانیارییەی پێویست بوو لێی وەربگرم، پاشان کەوتمە ساغکردنەوەی زانیارییەکان، بۆ ئەوەی هیچ یەکێک لەو زانیارییانە، بە هەڵە نەچنە ناو مێژووەوە.

* لە دوماهیدا دەبێ بڵێم: ئەو کوردەوارییەی ئێمە زۆر لەگەڵ هونەرمەند و کەسە خزمەتگوزارەکانی خۆی بێوەفایە، ئەو هونەرمەندە هەڵکەوتووەی کورد، نزیکەی نیو سەدە زیاترە خەریکی خزمەتکردنی هونەری کوردییە، کە سەردەمانێک بە مەزهەری خالیقی دووەم دادەنرا، ئەو هونەرمەندەی بە هەزاران گوێگر و بینەری دڵخۆش کردووە، لە کۆڕ و مەجلیسی ڕازاوەی ڕۆژانە و ئێواران و شەوانە سەریان بۆ لەقاندووە، بەداخەوە وەک هەموو هونەرمەندەکانی دی، بەرووبوومی هونەر و ماندووبوون و ڕەنجەکەی خۆی نەچنیوەتەوە، ئەو لە ساڵی ١٩٧١ەوە تا ئەم دوادواییە کە نەخۆشی یەخەی گرت، بە مەقام و بەستە و ئاوازی ڕەسەن خزمەتی میللەتەکەی کردووە، لە پاش نەمانی هونەرمەندان: عەلی مەردان، خوداد عەلی، حوسێن عەلی، شوکور خەیات و .... بە یەکێک لە درێژەپێدەرانی مەقام و گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی ناوچەی گەرمیانی دەزانم، ئەمڕۆ ئەم هونەرمەندە بەو دۆخە خراپەوە دەبینین، بەو داتەپین و تێکشکانەوە، بەرانبەر بەو

دڵڕەقییەی ڕۆژگار و نەخۆشییە کتوپڕە، ئینسان بە دەست خۆی نییە پەست و غەمبار دەبێ.

* لەم ساڵانەی پێش نەخۆشییەکەی، ئەوەی پتر خەلیل موراد وەندی داتەپاند و بە جارێ وێرانی کرد، مردنی کوڕە جوانەمەرگەکەی بوو، ئێستاش زوو زوو بۆ مەرگی ئەو کوڕەی، بۆ جگەرسووتاوی و ژیانی پڕ لە نەهامەتی و کڵۆڵی خۆی، وەک بریندارێک بە بۆنە و بێ بۆنە دەگری و فرمێسک دەڕێژێ، گریان و فرمێسک ڕشتنی ئەو هونەرمەندە لەو تەمەنەدا، ژانێکی بە سوێ دەخاتە دڵەوە، هەر گریانی پیاو بۆ خۆی کارەساتە، بێدەسەڵاتی و دەستەپاچەییە. تکایە با چیتر هونەرمەند و نووسەر و ڕووناکبیرە گەورەکان زەلیل نەبن، ئاخر پێم بڵێن هونەرمەندێک نزیکەی (٥٥) ساڵ خزمەتی هونەر و کەرتی پەروەردە و فێرکردنی کردبێ، چۆن دەبێ ڕۆژەکانی داهاتووی ژیانی، لە چاوەڕوانی مەرگی خۆی بژمێرێ، کە هەموو ڕۆژێک و ساتێک، ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئاخر خواتان بێ، ئەو پیاوە خۆشەویست و پاک و دڵسۆز و کوردپەروەرە، منیش وەک زۆر کەسی دی ئاگام لێیە، ڕژێم زۆر هەوڵی لەگەڵ دا و خەریکی بوو گۆرانییان بۆ بڵێت، بەڵام نەیگوت و نەیگوت و بۆ هیچ دەسکەوتێک خۆی بە دەستەوە نەدا. ئەو کە بە دەیان گۆرانی ڕەسەن و جوانی تۆمار کردووە، مامۆستای زمانی کوردی بووە، خزمەتی هونەر و زمان و ئەدەبیاتی میللەتەکەی کردووە، چەند ساڵێک لە زانکۆکانی سەلاحەددین و سۆران و پەیمانگەی ئامادەکردنی مامۆستایان وانەی هونەری گوتووەتەوە، دۆستایەتی و هاوڕێیەتی بەهێز و پتەوی لەگەڵ هەموو هونەرمەندە گەورەکانی کورد، تایەر تۆفیق، ڕەسووڵ گەردی، فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، گوڵبەهار، عیسا بەرواری، عەبدوڵڵا زێڕین، قادر زیرەک، محەمەد عارف جزیری، حەسەن دڵسۆز، ئەحمەد شێخاڵی و.... تاد هەبووە، نابێ بەو شێوەیە بژی و ژیانی بگوزەرێنێ.

* ئەم هونەرمەندە لەپێش ڕاپەڕین لە یەکێتیی هونەرمەندان، دوای ڕاپەڕینیش سکرتێری سەندیکای هونەرمەندان- لقی هەولێر بووە، ئەمڕۆکە پێویستە هەر زوو بنێردرێتە دەرەوەی وڵات و چارەسەر بکرێ، کەچی بە داخەوە کەس نییە ئاوڕێکی خەمخۆرانەی لێ بداتەوە، هونەرمەند و نووسەرە گەورەکان ژیانی فەنتازیایی و خۆش و پڕ ناز و نیعمەتیان ناوێ، بەڵام کە تووشی گرفتێک، نەخۆشییەک دەبن، هەقە بە هانایانەوە بچن، ئەوان هەموو شتێکی خۆیان بەخشیوەتە میللەتەکەیان: (تەمەنیان، لاوێتییان، خۆشی ژیانیان، لەشدروستییان)، ئەدی نابێ میللەتیش لەگەڵ ئەو توێژە ماندوو و خۆبەختکەرە ئەمەک و وەفای هەبێ، بۆیە ڕووی دەمم دەکەمە داوودەزگا کارگێڕی و هونەرییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەڵێم، تکایە تا کار لەکار نەترازاوە، ئەوەی پێتان دەکرێ بۆی بکەن، با ئەویش وەک هونەرمەندانی پێش خۆی نەبێتە حەسرەت و گرێیەک لەسەر دڵمان و لەپاش نەمانی خەفەتی بۆ بخۆین، ناکرێ هونەرمەندان ببنە نێچیری دەستی پشتگوێ خستن و بێباکی و کەمتەرخەمی، هەرگیز میللەتێک سەرفراز نابێ، هونەرمەند و نووسەرەکانی پەراوێز خرابن.

**ڕامان:** ئەمڕۆ لە شاری هەولێر، لە ئۆفیسی گۆڤاری (ڕامان)دا، لەگەڵ برای هونەرمەندم خەلیل موراد وەندی، بە یەک گەیشتین، بۆ ئەوەی ئەو چاوپێکەوتنەمان کە دەبوو زۆر زووتر ساز بکرێ، بەداخەوە دوا کەوت، دواکەوتنەکەی بە دەست خۆمان نەبوو، چونکە ئێمە نیازمان بوو و چەند ساڵێک پێش ئێستا لەسەر ئەوە پێکهاتبووین کە گفتوگۆ دوورودرێژەکەمان بکەین، ئێستاش کە دەستمان پێکردووە، درەنگ نییە. زۆر خۆشحاڵ بووم کە بە دیداری ئەم هونەرمەندە ئازیزە شاد بوومەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی بەفراوانی لەگەڵ بکەین، کە ماوەیەکی زۆرە بەرنامەم بۆ داناوە، بە تایبەتیش گفتوگۆکە لەناو ئەو بەرنامەیەمدایە کە لەگەڵ زۆربەی ئەو گۆرانیبێژ و هونەرمەندانەی پێشەنگن و فریایان کەوتووم، یان ئەوانەی دوای پێشەنگەکان هاتوون و گۆرانییان گوتووە و خزمەتیان کردووە و پەیامەکەیان تا ئەمڕۆ هێناوە، ئەوانیش بەسەر بکەینەوە و بێنە ناو پرۆژەی کتێبەکەمانەوە. لە ماوەی ئەو نزیکەی (٣٠) ساڵەی ڕابوردوودا، گفتوگۆمان لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری هونەرمەندە گەورەکان کردووە، لە داهاتوودا ئەو گفتوگۆیانە دەبنە کتێب، لەوانەیە دوو بەرگ، سێ بەرگ، یان زیاتر دەرچن.. قسەکردن لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە، کە هەموویان دۆست و هاوڕێی تۆن و لە نزیکەوە دەیانناسی، چەند کەسێکیان ماون بۆ ئەوەی بێنە ناو کارەکە و پرۆژەکەم تەواو بکەم، ئەوانەی بەلامەوە گرنگن و خاڵێکی درەوشاوەی ناو هونەری کوردین، یەکێک لەوانە تۆی، دوای ئەو ساڵانەی چاوەڕێمان کرد بۆ تەواوکردنی ئەم چاوپێکەوتنە، ئەمڕۆ زۆر بەخێرهاتنت دەکەم، زۆریش بە دیدارت خۆشحاڵ بووم.

**خەلیل موراد وەندی:** هەروەها بەندەش هەر زۆر خۆشحاڵبووم، لەگەڵ جەنابیشت دەمێکە هاوڕێین، هەر جارێک کە لە بەغدا یەکترمان دەدی، بە دوورودرێژی دەربارەی هونەر و شیعر قسەی زۆرمان دەکرد، ئیتر ئەوانەم لەیادە، هەرچەندە ئێستا نەخۆشم و بارودۆخم تەواو نییە، بەڵام ئێستا هەست ناکەم گرفتێک بۆ قسەکردن هەبێ، من زۆربەی شتەکانم لەبیرە، جەنابت پێشتر هەندێکیانت باس کرد کە لە بەغدا بووینە هاوڕێ، گفتوگۆمان لە بارەی شیعر و هونەر و کتێبەوە دەکرد، لە چایخانەکەی ساڵحییە بە یەکەوە دادەنیشتین، تەماشای گۆرانیبێژە کورد و عەرەبەکانمان دەکرد و لە بارەیانەوە قسەمان دەکرد.

**ڕامان:** منیش هەموو ئەوانەی دەیفەرمووی زۆر چاک لەبیرمن، ئێمە لە بەغدا زۆر بە یەکەوە دانیشتووین، زۆربەی ئەو جارانەی پێکەوە دانیشتووین، قسەمان لەبارەی هونەر و مەقاماتەوە دەکرد، بەتایبەتی ئەو شەوەی کە من و تۆ و هونەرمەند حسێن عەلی، بە یەکەوە دانیشتین، ئەو کاتە ئەو قاچی شکابوو و لە گەچ گیرابوو، لەبیرمە تا درەنگانێکی شەو قسە و گفتوگۆی زۆرمان کرد، دواتر بە ئۆتۆمبێلە سەوزەکەت، کە فیات پۆڵسکییان پێ دەگوت، هەردووکمانت گەیاندەوە، من لە هۆتێل دابەزیبووم، کە بە یەکتر گەیشتین، بە سەردان هاتبوومە بەغدا، دانیشتنی زۆرمان بووە، چەندان جار لەناو ئێزگەی کوردی تۆم دیوە، هەرکاتێ سەردانی بەغدام کردبێ، تۆ یەکێک بووی لەوانەی هەمیشە بە دیدارت گەیشتووم، زۆرجار کە دەهاتم سەردانی ئێزگەم دەکرد، چ سەعید زەنگەنە لە بەرنامەی ڕۆشنبیریی کوردی گفتوگۆی لەگەڵم کردبێ، یان چەند جارێک کە لە تەلەڤزیۆن چاوپێکەوتن و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردم، تۆم

دەبینی چونکە دواتر من بوومە نووسەر و لە زۆر لەو تەلەڤزیۆنانە بانگهێشت دەکرام بۆ قسەکردن لەسەر شاعیرێک، یان لەسەر لایەنێکی ئەدەبی، بەردەوامیش لەو چایخانەیەی ئەوبەری ئێزگە لە ساڵحییە، هونەرمەندە نەمرەکان هەر لە محەمەد عارف جەزراوی و عیسا بەرواری و گوڵبەهار و ئەوانی دی، تەنانەت ئەوانەی لە ئێزگەی کوردییش مۆسیقایان لێ دەدا، عەرەب بوون وەک خدر ئەلیاس و ئەوانەش کە زۆریان نابینا بوون، ئەوانەمان دەبینی و جار بە جار تۆشم هەر لەو ناوە دەبینی، ئەوە ئەو کاتە بوو کە ئەو گۆرانییەت زۆر دەنگی دابووەوە «خۆشەویستەکەم ئارامی گیانم»، منیش یەکێک بووم لەوانەی زۆرم پێ خۆش بوو، زۆر پێی سەرسام بووم، بۆیە ئێمە مێژوویەکمان هەیە کە لە بەغداوە دەست پێ دەکا و لە ساڵانی ناوەڕاستی حەفتاکان تا دەگاتە هەشتاکان، دواتریش ئێمە لە هەولێر یەکتریمان دەبینی، لە زۆر بۆنەدا دیدار و دانیشتنمان هەبووە، بە هەرحاڵ زۆر خۆشحاڵ بووم.. پێم باشە لەم گفتوگۆیەماندا سەرەتا لەناو خێزانی خۆتانەوە دەست پێ بکەین، لەناو خێزانی ئێوە چەند خوشک و برا بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئێمە (٣) برا و (٥) خوشکیش بووین.

**ڕامان:** هەموو لە یەک دایک و باوک بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئەوجا ئەم پرسیارە لەبەر چی؟

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە پێت بڵێم ئایا ئەو خوشک و برایانەت وەک تۆ دەنگیان خۆش بوو؟ یان تەنیا تۆ لەناویان هەڵکەوتی؟

**خەلیل موراد وەندی:** زیاتر من دەرکەوتم، بەڵام خوشکێک لەناو خوشکەکانم لە پرسەی جاران دەیانگوت مۆریئەهاورد، مۆر، واتە ئەو



**هەولێر، هۆڵی گەل، ئاهەنگی نەورۆز، ساڵی ١٩٧٠، لەلای ڕاستەوە: جەمیل موراد وەندی، قادر زیرەک، محەمەد جەزا، سابیر کوردستانی.**

تەلعەتی دینییە، یان بەسەرکردنەوەی مردوویەک بوو.

**ڕامان:** ئەوە لاوانەوەیە بەسەر مردووەکاندا هەڵدراوە.

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، کەسێکی ئازیز بووایە، دەچوو لەناو پرسەکە دادەنیشت و دەیلاواندەوە.

**ڕامان:** ئەوە بە خۆڕایی، یان بە پارە بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەو کاتی بە خۆڕایی بوو.

**ڕامان:** ئەو لاوانەوەیە زیاتر بۆ خزم و ناسیاوەکان، یان بۆ هەموو کەسێک بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە شاری خانەقین، بۆ کەسی نزیک و ناسراوی ناو خۆمان بوو.

**ڕامان:** دواتر ئەو هەنگاوەی خوشکەکەت پەلی نەهاویشت، ئەو دەنگە خۆشەی خۆی لە بواری سروود، گۆرانی، یان کۆرس، کۆڕاڵ شتێکی لەو بابەتانە بەکار بێنێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، لەناو خۆمان و لە ماڵەوە گوێمان لە دەنگی دەبوو، لەناو خزمەکانیشمان هەر ئەو لاواندنەوەیەم لێی بەدی دەکرد، دەنگی خۆش بوو.

**ڕامان:** تۆ لە دەنگی ڕازی بووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** تا ڕادەیەک بەڵێ، هۆرەش هەیە، بەین بەین ئەوەشی دەگوت، بە

شیعری زاراوەی لوڕی، هەمووشی سرف لوڕی نییە، کەلهوڕیش هەیە، شێوەی خانەقینی هەیە.

**ڕامان:** ئەوە کەلهوڕییە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئیتر لەناو ئەو (٧) کەسە، لەناو ئەو (٧) خوشک و برایەت، هەر ئەو خوشکەتیان تێدا بوو، دەنگی خۆش بێ و بە دڵت بێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەخێر، (جەلیل)ی جوانەمەرگی براشم، هەر گۆرانیبێژ بوو، لەگەڵ قوتابییەکانی سەردەمی خۆی، یەک دوو جار چووە ئێزگە، گۆرانیشی تۆمار کرد.

**ڕامان:** ئەم برایەت لە خۆت گەورەتر بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەخێر، لە من بچووکتر بوو.

**ڕامان:** ساڵی چەند ئەمری خوای کرد؟

**خەلیل موراد وەندی:** ساڵی ١٩٩١ بوو.

**ڕامان:** واتە کاتێک کە ڕاپەڕین کرا؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** هەر لە خانەقین ئەمری خودای کرد؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** تۆ باسێکی ئەو برایەت، (جەلیل)مان بۆ بکە، کە برای تۆیە، با نەختێ حەقی خۆی بدەینێ، گۆرانییەکانی کە گوتوویە، هیچی تۆمار کردووە، لە ئاهەنگەکاندا گۆرانی گوتووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە ئاهەنگ و لە ئێزگەش، یەک دوو جار لەگەڵ قوتابییەکان چوو، شتی تازەهاتوویان دەخستەڕوو.

**ڕامان:** ئەوەی پێشکەشیان دەکرد ئاوازی نوێ بوون، خۆیان دایاننابوون، یان فۆلکلۆر بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** هەمووی فۆلکلۆر بوون.

**ڕامان:** دەبێ فۆلکلۆری ناوچەی خۆتان، هیی خانەقین بووبێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، یەکێک لەو گۆرانیانە ئەگەر بە تەواوی لەبیرم مابێ، پێویست بکا دەیڵێم.

**ڕامان:** گۆرانی (بەو بەو) هیی ناوچەی خۆتانە و خۆشت گوتووتە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن برامە، یەکەم جار «بەو بەو»ی گوت، ئەوجا (جەلیل)ی برام زیاتر دەیویست لاسایی من بکاتەوە، بەڵام لەوەدا ئەوەندە سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا، چونکە کارەکانی هەر لاساییکردنەوە بوون.

**ڕامان:** تەنیا لاسایی تۆی دەکردەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەی بێجگە لە تۆ، لاسایی کەسی دیکەی نەدەکردەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** لاسایی خەڵکی دی و گۆرانیبێژە گرنگ و ناسراوەکانی وەک خالیقی و کەسانی دیکەی ئەو سەردەمەی دەکردەوە.

**ڕامان:** خالیقی، حەسەن زیرەک، ماملێ و تاد.. هەن.

**خەلیل موراد وەندی:** گۆرانییەکانی خالیقی و (حەسەن زیرەک)ی دەگوتەوە، (هەی بێوە بێوە، بێوەی شوومردوو)یەکم هەبوو، کە شیعرەکەی هیی من بوو، بۆ (جەلیلی) برام نووسیبوو، بێوە، یانی بێوەژن، لەسەر ئەوە شتێکم نووسی، ئاوازەکەی ڕیتمێکی خێرا بوو.

**ڕامان:** ئەوەیان ئاوازەکەی نوێ، یان فۆلکلۆر بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەویش ئاوازەکەی فۆلکلۆر بوو، ئەو گۆرانییەم لەودیو بیستبوو.

**ڕامان:** ئەو گۆرانییە شیعرەکەشی هەر فۆلکلۆر بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەدی شک دەبەی دەنگی لەلای تۆ، لە ئەرشیڤ، یان لە شوێنێک مابێ و هەڵگیرابێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەگەر مابێ، ئەوە لەلای کەسی خۆمانە (بنەماڵەکەمان)، لەلای خوشکێکم هەڵگیرابوو، کە ساڵانێکە خۆی و مێردەکەی بەرەو ئێران تەسفیر کراون، لەلای ئەوان تا ئەو دوادوایییەش «بێوە بێوە» مابوو.

**ڕامان:** هەست دەکەی لەلایان مابێ و لای خۆیان پاراستبێتیان؟

**خەلیل موراد وەندی:** چیت عەرز بکەم، لەوانەیە.

**ڕامان:** هەواڵیان بۆ بنێرە کە ئەو ئەرشیڤە گرنگە و با بمێنێ و نەفەوتێ، ئەم یادگارییانە بمێنن باشە، بەتایبەتی کە خۆشی نەماوە، با هیچ نەبێ دەنگەکەی بمێنێ، چونکە بتەوێ و نەتەوێ ئەوە بەشێکە لە مێژووی هونەری گۆرانی لە خانەقین.. ئەی باوکت دەنگی خۆش نەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** باوکم دەنگی خۆش بوو، حەکایەتی خۆش خۆشی بۆمان دەگێڕایەوە.

**ڕامان:** ئێستا باسی باوکتمان بۆ بکە، جارێ لە پێشەوە پێمان بڵێ باوکت کە حەکایەتەکانی بۆتان دەگێڕایەوە، هەر بۆ ئێوە، یان بۆ خەڵکی گەڕەک و بۆ خزمانیشی دەگێڕایەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە سەرەتاوە، لە سەرەتای ئەم گۆرانییانەوە ئەگەر لەبیرم مابن، باسی چیرۆکی گۆرانییەکانی دەکرد.

**ڕامان:** بە گشتی چیرۆکەکان چی بوون، فۆلکلۆری، یان مێژوویی بوون؟ ئاخر ئەو سەردەمە ئەمیر ئەرسەلان و میعراجنامە و زۆر حەکایەتی دی هەبوون.

**دێیەکەی ئێمە و دێیەکانی ئەودیو، کە هاموشۆی یەکدییان دەکرد، هونەرەکەیان لە یەکتری وەردەگرت.**

**خەلیل موراد وەندی:** بۆ نموونە کەسێک لە خانەوادەیەکی پاک هەڵدەکەوت، ئەوجا شەوان لە ماڵەوە دادەنیشتین و باوکم ئەو شتانەی بۆمان دەگێڕایەوە.

**ڕامان:** ئەوە لەبەر کتێب بۆی دەخوێندنەوە، یان هەر خۆی لەبەری بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** هەر خۆی لەبەری بوو.

**ڕامان:** نازانی ناوی ئەو حەکایەتانە چ بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** وەکوو داستان لەبیرمن، بەڵام بە جوانی ناوەکانیانم لەبیر نەماوە.

**ڕامان:** ناوەرۆکی ئەو حەقایەتانەی لەبیرت ماون چی بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** بە زۆری پاڵەوانی ئەو هەقایەتانە هەژارێک، شوانێک، یان گاوانێک بوون هەڵدەکەوتن.

**ڕامان:** ئەوانە حەزیان لە کچە ئاغایەک، پادشایەک دەکرد، وا نییە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، پاش چەند ساڵێک یەکیان دەگرتەوە و لەو جۆرە شینگێڕانەوەیە بوو.

**ڕامان:** ئەی لایەنی دەنگخۆشییەکەی باوکت چۆنە؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئێمە پێمان دەگوت بابە ئەم لۆرانەوەیە چییە؟ وەکوو ئەو گۆرانیبێژانەمان بۆ بڵێ، دەیگوت کوڕم لۆرە لۆرەکەی من، خەڵکی بە جوانی تێی دەگەن، ئێوە جارێ منداڵن تێی ناگەن.

**ڕامان:** لۆرە لۆرەکە چی بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** هۆرە، لەسەر شێوەی هۆرەی کوردی بوو.

**ڕامان:** هۆرەی جافایەتی، ئەوە بەشێکی گرنگی ڕەسەنایەتیی هونەری کوردییە، دیارە ئێوە دەچنەوە سەر هۆزی جاف؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** وەک زانراوە ئەو سیاچەمانە و هۆرەیەش کاتی خۆی لە ئاتەشگەکاندا، گاتاکانی زەردەشتیان پێ خوێندووە، بۆیە زیاتر لالانەوەیە، لەناو ئاتەشگاکاندا گاتایان پێ وتووەتەوە.

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ دروستە، ئەوجا هاوڕێکانی باوکم بە هەمان شێوە لاسایی باوکمیان دەکردەوە، ئەو لاوانەوەیە، وەک دەڵێی هۆرەی جافی، ئەویش چەند بەشێکی هەبوو، یەکدەنگی و دوودەنگی هەبوو.

**ڕامان:** هۆرەی جافی هەر ئەو دوو بەشە، یەکدەنگی و دوودەنگییەی هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، هەر ئەو دووانەم زانیوە، دوودەنگی، دوو کەس دەیانگوت.

**ڕامان:** بە دوو کەس دەیانگوت، باوکت تەنیا بۆ ئێوەی دەگوت؟ بۆ خێزانی خۆی و منداڵەکانی دەگوت، یان بۆ خەڵکی دیکەش گوتوویەتی؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەوەی ڕاستی بێ کەمتر بۆ ئێمەی دەگوت، بەڵام ئەگەر میوانێک، کەسێکی نزیک بهاتبایە لامان، کەمێکی بۆ دەگوت، زۆر کەم، هەر پەنای دەبردە بەر ئەو گۆرانییانەی کە لوڕیی ئەسڵ بوون، بەڵام تێکەڵی فارسییش دەبوو.

**ڕامان:** هەر تەنیا هۆرەی دەگوت، یان شێوە و تەرزی تریشی دەگوت؟

**خەلیل موراد وەندی:** بێجگە لە هۆرە، ئای ئای کوردییشی دەگوت.

**ڕامان:** ئەی خورشیدی، قەتار و ئەڵڵاوەیسی، ئەوانەی نەدەگوت؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، ئەوانەی نەدەگوت، تەنیا هۆرە و ئای ئای بوو، ئەڕێ گیانە، ئەڕێ گیانە، ئەوانەم لەبیرە.

**ڕامان:** ئەو ئای ئایەی باوکت گوتوویەتی،



**بەغدا، هۆڵی خولد، ساڵی ١٩٧٢، ئاهەنگێکی کوردی، کە بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی سەیدا ساڵح یووسفی سازکراوە.**

دواتر کە خۆت شارەزای ئوسوڵی مەقامات بووی، لەگەڵ ئەوەی لە کەرکووک و شوێنەکانی دی دەگوتران، جیاوازییان هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** تەقریبەن یەکن.

**ڕامان:** واتە هیچ تاموبۆیەکی لای ئێوەی گەرمەسێری پێوە نییە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بێگومان هەیە، ئەوە بوو باوکم و خودا داد عەلی یەکتریان دەدی.

**ڕامان:** ئەو کاتە بێجگە لە خودا داد عەلی لە خانەقین، کێی دیکە هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** تەنیا خودا داد عەلی هەبوو، ئاواییەک لەو لای خۆمانەوەیە، دێیەکی ئێران بوو.

**ڕامان:** بلێ دێیەکی کوردیی ئەودیو، دێیەکی کوردیی ڕۆژهەڵات بوو.

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، هاموشۆی یەکتریان دەکرد، وەلحاسڵ هونەرەکەیان لە یەکتر وەردەگرت، ئەم لەو و ئەوان لەم و بەو شێوەیە، منیش ئەو شێوە گوتنە چووبووە مێشکم.

**ڕامـان:** مەبەسـتت ئەوەیـە بڵێی ئەم شـێوەگوتنانە لـەلای تـۆ ماوەتەوە؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** بەڵـێ، ئـەرێ گیانـە، میـرزام سـەراوێ، میـرزام سـەراوێ، یـە ڕۆ ڕێگـەم کەفـت وەسـەر سـەراوێ.

**ڕامان:** ئەوانە شیعری (گۆران) هەورامین.

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** زۆربـەی گوتنـەکان شـیعری هەورامـی بـوون.

**ڕامـان:** وەک بزانی ئەمە شـیعری کێیە؟ شیعری مەولـەوی، سـەیدی هەورامـی، وەلـی دێوانـە، یـان کام شـاعیرەی ناوچـەی هەورامانـە؟

**خەلیل مـوراد وەنـدی:** لـە خۆمـەوە نابـێ بیڵێـم، بـە تـەواوی نازانـم هیـی کێیـە، بـەڵام هەروەکـوو دەنـگ حەزمـان لێـی دەکـرد.

**ڕامـان:** ئاوازەکـە و شـیعرەکە و هەمـووت لەبـەر کـرد؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** بەڵـێ، لـە سـەرەتایی بـووم، کـە ئاوازەکـەم وەرگـرت.

**ڕامـان:** پێـم بڵـێ، بێجگـە لـە خودادادی عەلـی، ئەوانـەی سـەردانی باوکتیـان دەکـرد، یـان هاوڕێیەتییـان لەگەڵـی هەبـوو، کێـی تـر بـوون؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** یەکێکـی تـر هەبـوو، نـاوی براخـاس تامـاس بـوو، زۆرتـر لەپێـش مردووەکانـدا دەیلاوانـدەوە، مێـوگ عەلـی، بێجگـە لـە هـۆرە گوتـن، نازانـم نـاوە ئەسـڵییەکەی چییـە.

**ڕامان:** هەر ناوی مێوگ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامـان:** ئەوانـە هەمـوو کـورد بـوون، کـوردی خانەقینـی بـوون؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** بەڵـێ، کـوردی دێیـە ئێرانییەکـە بـوو.

**ڕامـان:** کـوردی ئـەوێ بـوون، نازانـی دێیەکـە نـاوی چ بـوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** وەڵەیکوشـیا، وەلەدکوشـت، پیاوێـک لـەو شـوێنەدا کـوژراوە، بۆیـە وایـان پـێ گوتـووە.

**ڕامان:** واتە کوڕکوشتە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەوە ناوی گوندەکە بوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** بەڵـێ، بـەڵام بـە لەفـزی کـوردی دەیانگـوت وەڵـەی کـوژراو.

**ڕامـان:** سـەیرە، ئەوجا ئەوانـە دەنگیـان خـۆش بـوو و بـۆ لای باوکت دەهاتـن؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** بەڵـێ، ئێمـە منـداڵ بوویـن گشـتمان لێیـان دەبیسـت، ئـەو مێوگەیـە خەڵکـی وەڵەدکوشـتە بـوو، براخـاس خەڵکـی لای خۆمـان بـوو، ئەوانـە کاکەیـی بـوون.

**ڕامـان:** زۆر چاکـە، ئـەی بێجگـە لەوانـە، کێـی دیکـە هەبـوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** مێـوگ، ناوە ئەسـڵییەکەی نازانـم، بـەڵام (براخـاس)م لەبیـرە، وەلحاسـڵ ئێمـە سـوودمان لێیـان وەردەگـرت. لـەو شـەوانەی کـە منداڵـەکان لەگـەڵ یەکتـر گەمەیـان دەکـرد، چاوشـارکێیان دەکـرد، چاویـان دادەخسـت و بەشـێک دەچـوون خۆیـان دەشـاردەوە، ئەوانـی دی دەچـوون لـە دوویـان دەگـەڕان، ئیتـر ئەوهـا شـەوانمان بەسـەر دەبـرد، ئـەو کاتـە سـەرەتای دەنـگ، یـان سـەرەتای تۆنـی دەنـگ، ئـەدای دەنگ، وەکـوو دەرسـێک لەوانەمـان وەردەگـرت.

**ڕامـان:** ئێـوە بـۆ گوێگرتـن لـەم گۆرانییانـە، یـان لـەو گۆرانیبێژانـەی کـە ئێسـتا باسـت کـردن، بەتایبەتـی بـۆی دادەنیشـتن گوێیـان لـێ بگـرن، یـان ڕەوتەنـی گوێتـان لێیـان دەبـوو؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** بەڵێ، بۆیان دادەنیشـتین، ئەوان ناسـرابوون، دەمانناسین.

**ڕامان:** دەنگیانتان پێ خۆش بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، شێوازی دەنگەکانیانمان زۆر پێ خۆش بوو.

**ڕامان:** هەر ئەو چەند کەسە بوون، یان زیاتر بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، زیاتر بوون.

**ڕامان:** وەک بزانی چەند کەسی تر بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** کۆمەڵێک دەنگخۆش هەبوون کە ئێمە پێیان سەرسام بووین، سەرەتا و بنچینەی تۆن و گوتنی گۆرانی بە دەنگی بەرز، لەوانەوە فێر بووین.

**ڕامان:** لێرەوە چینەدەنگەکان و ئەو جۆرە شتانە فێر بوون و زانیتان چۆنە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بەڵێ، ئەوە هێزێکی پێ داین، تا ئێمەش لاسایی ئەوان بکەینەوە.

**ڕامان:** ئەی کێ یەکەم جار بە تۆی گوت دەنگت خۆشە؟ یەکەم جار لە کوێ گۆرانییەکت گوت بۆ ئەوەی سەرنجی باوکت، برات، هاوڕێکانت، کەسێک لە گەڕەکەکەتان ڕابکێشی، تا پێت بڵێ تۆ دەنگت خۆشە، کێ یەکەم جار بەهرەی تۆی ئاشکرا کرد؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئێمە لەنێوان ئاوایی و خانەقین، بۆ هاتوچۆ ماتۆڕمان هەبوو.

**ڕامان:** بۆچی ئێوە، ئەوکاتە لە ئاوایی بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئاواییەکەتان ناوی چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** پێیان دەگوت سەید برزۆ، یان سەید بەرزۆ.

**ڕامان:** ئەو گوندە لە خانەقینەوە دوور بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەخێر، دوورییەکەی ٨ کیلۆمەترێک دەبوو.

**ڕامان:** بە ماتۆڕ دەهاتن و دەچوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئەوجا قاچم بووە ناو ماتۆڕەوە و کەوتمە خەستەخانە، سێ مانگ لە خەستەخانە بووم.

**ڕامان:** کە ئەوە ڕووی دا، تەمەنت چەند بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووم.

**ڕامان:** لە منداڵی گۆرانیت نەدەگوت، یەکێک پێت بڵێ تۆ دەنگت خۆشە؟

**خەلیل موراد وەندی:** جەرجیس ناوێک هەبوو، وەک یاریدەدەری دوکتۆر (معاون طبي)، مەسیحی بوو، ئەوە یەکەم جار پێی گوتم تۆ دەنگت خۆشە گۆرانی بڵێ، چونکە هەر کاتێک دڵم تەنگ بووایە، ئەوە لەسەر قەرەوێڵەی خەستەخانەکە گۆرانیم دەگوت، ئەو گۆرانیانەش لە قوتابخانە و لە گۆرانیبێژە ئێرانییەکان فێریان بووبووم.

**باوکم دەیگوت لۆرە لۆرەکەی من خەڵکی بە جوانی تێی دەگەن، ئێوە جارێ منالَن تێی ناگەن.**

**ڕامان:** هەندێکیشی لە گۆرانییەکانی باوکتەوە فێر بووبووی، کە بۆتانی دەگوت؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئا ئا، هەموویم تێکەڵ دەکرد، بەینێک لەوە و بەینێک لەوە و...

**ڕامان:** کە گۆرانییەکانت دەگوت، خەڵک دەنگی تۆیان پێ خۆش بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بێگومان.

**ڕامان:** ئەو (جەرجیس)ـە ناوی باوکی چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نازانم، جەرجیس لە خەستەخانە بوو.

**ڕامان:** یاریدەدەری پزیشک بوو.

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بەین بەین کە لە پشت دیواری خەستەخانەکەوە گوێی لێ دەگرتم، بە دەنگی نزم گۆرانیم دەگوت، ئەو پێی دەگوتم تۆ دواڕۆژت هەیە، گۆرانی بڵێ،

کە لێرە دەرچووی، وازی لێ مەهێنە، منیش کە قسەی ئەوم بیست، ئیتر بەرەبەرە لە دوو ئەوە دەگەڕام بزانم گۆرانیبێژەکان چۆن گۆرانی دەڵێن، چۆن لەلایەن خەڵکەوە دەنگیان پەسند دەکرێن، یان چۆن بیڵێم باشە.

**ڕامان:** کاتێ کەوتییە ژێر ماتۆڕەکەوە، خۆت ماتۆڕەکەت لێدەخوڕی، یان کەسێکی دی لێی دەخوڕی؟

**خەلیل موراد وەندی:** خۆم لێم نەدەخوڕی، لەگەڵ باوکم چووم بۆ سەوزبلاخ، ئەوەی لەلای کەلارە، باوکم ماتۆڕەکەی لێدەخوڕی.

**ڕامان:** سەوزبلاخ بە تەواوی کوێ کەوتووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەوە گوندێکە لەلای کەلار، ناگەیتە کەلار، کەمێک لەمبەرترە، ئەوجا قاچم کەوتبووە ناو زنجیری ماتۆڕەکەوە، تەراکتۆرێک لە پێشمانەوە دەهات، بەرەو ڕوومان بووەوە، ئێمە دەستی سایدی خۆمان گرتووە، ئەویش هەر سایدی ئێمەی گرتووە، چەندی وتمان بابە بڕۆ بەولاوە، ئیشارەت و ڕێگەی دی هەیە، سوودی نەبوو، هەتا ئێمەش ناچار بووین لێی نزیک بووینەوە، ئەویش هات لێی داین، لە ماتۆڕەکەمانی دا.

**ڕامان:** ئەو تراکتۆرە لێی دان، لە تۆ و لە باوکتی دا؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ڕێگەکە خوڵاوی و ناخۆش بوو، دوایی قاچم خوێنی زۆری لێ هات، دەمارەکانی قاچم پچڕابوون.

**ڕامان:** ئیدی زانیت کە دەمارت پچڕاوە و قاچت شکاوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، دوای ئەوە چووینە شار، لە شاریش چووینە نەخۆشخانە، پاشان ئێمەیان ناردە بنکەی پۆلیس، یەکێک گوتی بۆچی وا لێی دەترسن؟ گوتم بابە ئەوە خوێنە، قاچە، ئەوە بوو عەرزم کردی کە چووینە بنکەی پۆلیس کاغەزێکیان پێ داین، ئەوجا چووینەوە خەستەخانە بۆ چارەسەر.

**ڕامان:** چەند ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** سێ مانگ.

**ڕامان:** سێ مانگ لە نەخۆشخانە کەوتی، ئەوجا ئیسقانی قاچت هاتەوە جێی خۆی و دەمارەکانت چاک بوونەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، نزیکەی (٣) مانگ لەوێ مامەوە.

**ڕامان:** لە خانەقین دوکتۆری پسپۆڕ و باش هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، دوکتۆری چارەسەری قاچ شکانەکەم ناوی د. ئیبراهیم بەشیر ئەلنائیب، برا گەورەی دوکتۆر عەلا بەشیر بوو.

**ڕامان:** ئەو عەلا بەشیرە، دوکتۆرێکی زۆر بەناوبانگی ساڵانی هەشتاکان بوو، هونەرمەندێکی شێوەکاری گەورەی عێراقیش بوو، من لە بەغدا چوومەتە پێشانگە هونەرییەکانی.. ئەو کاتە تۆ لە پۆلی شەشی سەرەتایی بووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەوە مانای وایە ئەو ماوەیە تۆ لە قوتابخانە دابڕاوی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، بێگومان دابڕام.

**ڕامان:** باوکت چ کارە بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** باوکم لە کۆمپانیای نەوتی KODی خانەقین کاری دەکرد.

**ڕامان:** ئەوکاتە بۆ هاتوچۆ، تەنیا پاسکیل و ماتۆڕ هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەخێر، ئەوسا عارەبانەی دوو ئەسپ، کە (ڕەبەڵ)یان پێ دەگوت، هەروەها پاسکیل و ماتۆڕ هەبوون، ئەوەی پارەشی هەبووایە بە ئۆتۆمبیل هاتوچۆی دەکرد، زۆر

کەسیش بە پێ دەهاتن و دەچوون.
**ڕامان:** زۆر چاکە، ئێستا دەگەڕێینەوە سەر سەرەتاکەت، واتە کە هێشتا نەچووبوویتە قوتابخانە و لەناو خانەوادەکەت دیوتە باوکت پیاوێکی دەنگ خۆشە و حەقایەت بۆ ئێوە و خەڵکی دی دەگێڕێتەوە، یان دەبینی خەڵک و دەنگخۆشەکان ڕووی تێدەکەن، ئەشراف و پیاوماقووڵانی شارەکە و ئەم لا و ئەو لا دێن بۆ لای، تۆ هیچ مامێک، خاڵێک، میمکزایەک، ئامۆزایەکت نەبوو، ئەوانیش دەنگیان خۆش بێ و سەرنجت ڕابکێشن؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، میمکزایەکم هەبوو.
**ڕامان:** ئەوە دەنگی خۆش بوو؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.
**ڕامان:** ناوی چی بوو؟
**خەلیل موراد وەندی:** ناوی حسێن عەلی عەباس وەندی بوو، زۆر پێکەوە بووین، دایکمان خوشک بوون.
**ڕامان:** دایکتان ناویان چ بوو؟
**خەلیل موراد وەندی:** دایکم ناوی مینا، دایکی ئەویش ناوی جەیران بوو.
**ڕامان:** ئەی لەناو گەڕەکەکەتان، کەسێک هەبوو دەنگی خۆش بێ، هونەرمەند بێ، مەرج نییە گۆرانی وتبێ و دەنگی خۆش بووبێ، شێوەکار، شانۆکار، یان خەریکی هونەرێک بووبێ؟
**خەلیل موراد وەندی:** نا، ئەوانەی لە ئێرانەوە دەهاتن، تەنیا ئەوانە بوون، گوندەکەمان لەسەر سنوور بوو.
**ڕامان:** دیارە گوندەکەتان، لەگەڵ گوندەکانی ئەودیوی سنوور، زۆر لێتانەوە نزیک بوون؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، کە دەچووینە ئەودیو، بە پێیان دەچووینە ئێران و دەهاتینەوە، بە تایبەتی هاتوچۆکەمان لە بۆنەی نەورۆزدا بوو.
**ڕامان:** لە تەمەنی چەند ساڵیدا بووی، کە ئەوها دەچوونە ئەودیو و پێکەوە نەورۆزتان دەکرد؟
**خەلیل موراد وەندی:** لە تەمەنی چوار ساڵان و پێنج ساڵان بووم.
**ڕامان:** لەگەڵ باوکت، یان برا و خزمەکانت بۆ ئەودیو دەچووی؟
**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، لەگەڵ باوکم دەچووم، بە کۆمەڵ لەگەڵ ئەو خزمانەمان دەچووین، کەس ڕێگەیان لێ نەدەگرتین، چونکە سنوور نەبوو.
**ڕامان:** خزمەکانتان کێ و کێ بوون؟ ئەوانەی لەگەڵ باوکت و برات لەگەڵیان دەڕۆیشتی، جگە لە باوک و برا و کەسە نزیکەکانت، کێی تر بوون؟
**خەلیل موراد وەندی:** یەکێک لەوانە ئەو براخاسە بوو.
**ڕامان:** ئەی (جەلیل)ی برات لەگەڵتان نەدەهات؟
**خەلیل موراد وەندی:** ئەو کاتی جەلیل زۆر منداڵ بوو، ئەوجا کوێخا عەباس، عەلی کوڕی کوێخا عەباس لەگەڵمان بوون، بە ژن و گەورە و منداڵەوە دەچووین، ئیتر زۆر بووین، بۆ کەلی داوود دەچووین.
**ڕامان:** کەلی داوود هەر لەو ناوە بوو؟
**خەلیل موراد وەندی:** لەولای سەرپێڵ بوو.
**ڕامان:** لەولای سەرپێڵی زەهاو بوو.
**خەلیل موراد وەندی:** لەولای سەرپێڵی زەهاو بوو، دەچووینە قەسری شیرین، لەوێ بەیانییەکەی ئۆتۆمبیل دەهات، ئەوەی فریای بکەوتبایە سواری دەبوو، دەچووینە کەلی داوود.
**ڕامان:** لە کەلی داوود چیتان دەکرد؟
**خەلیل موراد وەندی:** بۆ جەژن قەرەباڵغیمان دروست دەکرد.
**ڕامان:** ئەو قەڵەباڵغییە لە جەژنی قوربان و ڕەمەزانان هەبوون، یان تەنیا جەژنی نەورۆز

بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** جەژنی نەورۆز لە سەداسەد هەر دەچووین، جەژنەکانی دیکە کەمتر و بەینابەین دەچووین.

**ڕامان:** بە جلی کوردییەوە دەچوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ژن و پیاوەکان جلی کوردییان لەبەر دەکرد، ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە لە گوند دیشداشەمان لەبەر دەکرد، بەڵام لەو بۆنانەدا دیشداشەمان فڕێ دەدا، شەڵوار و مورادخانیمان لەبەر دەکرد، کورتەک و شەڵوار و ئەمانەمان لەبەر دەکرد.

**ڕامان:** لەلای ئێوە بەرگدرووی جلی کوردی هەبوون، کە بەباشی جلی کوردییان دووریبێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئیستا (دوکتۆر محەمەد زەهاوی)مان هەیە، باوکی ئەو زۆر لە دوورینی جلی کوردی شارەزا بوو.

**ڕامان:** ئەو (د. محەمەد زەهاوی)یە لەمێژە برادەرمە، لەم ساڵانەی دوایی بووە دوکتۆر، دیارە باوکی جلی کوردی جوانی دووریوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، منیش لەلای ئەو جلی کوردیم دەدووری، بەرانبەری ئەو، خاڵۆ میرزا هەبوو، ئەویش بۆخۆی دوکانی قوماشی هەبوو.

**ڕامان:** ئەو چوونەی ئێوە کە بۆ گوندەکانی کەلی داوود و سەر سنوور دەچوون، زیاتر بە ئامانج و مەرامێکی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بووە، بەتایبەتی کە بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە چوونەتە ئەوێ و بە جلی کوردییەوە یەکتان گرتووە و قەڵەباڵغیتان دروست کردووە، مەسەلەکە تەنیا هونەر نەبووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئەندامانی خانەوادەی زۆربەمان دەچووین بۆ ئەوێ.

**ڕامان:** دیارە ئەو کاتە دۆستایەتییەکی بەهێز لە نێوانتاندا هەبووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** گوندەکان دراوسێی یەکتر بوون، ئێمە دەچووین، ئەوان دەهاتن، ئەوها بوو.

**ڕامان:** وەک لەبیرت مابێ، کاتێک دەپەڕینەوە و دەچوونە ئەودیو (دیوی ڕۆژهەڵات)، ئەو گوندانەی کوردەواری، بێجگە لەو دوو کەسەی ناوت بردن، یان ئەو برادەرەی ئێستا ناوت برد، کە گۆرانیی گوتووە و دەنگی خۆش بووە، خەڵکی دی لەوێ گۆرانییان دەگوت؟

**خەلیل موراد وەندی:** تەنیا براخاس و مێوگ گۆرانییان دەگوت.

**ڕامان:** مێوگ ئەوە دەنگخۆشێکی ئەودیوە، براخاس هیی لای خۆتانە، بێجگە لە مێوگ، خەڵکی دی هەبوون لەو گوندانە لێتان کۆببنەوە و شەوەکان پێکەوە دانیشن و گۆرانی بڵێن، یان بە بۆنەی جەژنی نەورۆز یەکێک بێ لەسەر شانۆ گۆرانی بڵێ، شتی وا هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** لای ئێمە شانۆ نەبوو.

**ڕامان:** لەودیویش شانۆ نەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئێمە کەم دەچووین، بەڵام ئەو براخاسە و میرزایەک هەبوو، ئەوانمان دەناسی و ئەوانەی ئەودیو بە دەنگ خۆش ناسرابوون، بەتایبەت ئەو مێوگە، مێوگ دەنگێکی زوڵاڵی هەبوو.

**ڕامان:** دیارە لە هەموویان ناسراوتر و بە دەرەوەتر بووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئا، بەردەوام دەهاتە گوندی ئێمە و گۆرانی دەگوت.

**ڕامان:** بێجگە لە مێوگ، خەڵکی تر نەبوو لە ئاستی ئەودا بێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** نەخێر، ئەو بووبووە بلبلی ئەو گوندانە، وای لێهاتبوو، هەر مێوگ

بهاتبایە، ماڵەکانی لای ئێمە دەچوونە لای و لێی کۆدەبوونەوە.

**ڕامان:** باوکیشت لەو شوێنانەدا گۆرانی گوتووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئا، ئەگەر بەشدارییەکی سادەی کردبێ، بەڵام نەمدیوە بە شێوەیەکی ڕەسمی گۆرانی بڵێ.

**ڕامان:** زۆر چاکە، نزیکی و دۆستایەتییەکەی تۆ لەگەڵ هونەرمەند خوداداد عەلی، هەر لە منداڵییەوە دەستی پێکرد و ئاشنای بووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، کە جەژن بوو، لە پاشاکۆپری، لە خانەقین، لەو بۆنانە، لەو جەژنانەدا، دەهۆڵچی هەبوو، دەهات، دەهۆڵەکە لێ دەدرا.

**ڕامان:** دەهۆڵچییەکە هەر تەنیا خۆی دەهۆڵی لێ دەدا؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، یەکێک دەهۆڵەکەی ڕادەگرت، یەکێکی تر لێی دەدا، ئەوجا دەستی پێ دەکرد مەقامی دەگوت، ئەرێ گیانە، ئەرێ گیانە، وەلحاسڵ، ئەو شتانەیان دەگوت.

**ڕامان:** گۆرانییەکان هەمووی کوردی بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئەیچۆن، مەقامەکە تەواو دەبوو، دەیکردە بەستەیەک.

**ڕامان:** بەستەکە چی بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** زۆر بەستە بوون، یەکێک لەوانە شەوچرای دیوەخان بوو، ئیتر دەهۆڵەکە تەواو دەبوو، گۆرانییەکەشی تەواو دەکرد.

**ڕامان:** باشە خوداداد عەلی پیاوێکە شارەزای مەقاماتە، دەنگ خۆش بووە، زۆر درەنگ بردیان بۆ ئێزگە، لەوێ چەند گۆرانییەکی گوت، بەتایبەتی کە بۆ تەلەڤزیۆن بردیان، وابزانم لە تەلەڤزیۆن لای ڕووباری ئەڵوەند هەر یەک دانە گۆرانی هەبوو، بۆچی خەڵکی خانەقین زووتر نەیانبردە ئێزگە و تەلەڤزیۆن، بۆ ئەوەی سوود لەو دەنگەی وەربگیرێ. باشە کەسێک لە خانەقین، یان لە شوێنێکی دی هەیە، بە تەسجیل دەنگی تۆمار کردبێ و لەلای مابێتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** گومانت نەبێ هەیە.

**ڕامان:** ئەو کەسانە قەدری ئەو دەنگانە دەزانن و ئەرشیڤەکە بە باشی دەپارێزن؟

**خەلیل موراد وەندی:** مەگەر بە تەمەنەکان قەدری ئەو شتانە بزانن، کەسەکە تەمەنی زۆر بێ و گەورە بێ، واتە لەو تەمەنەی ئێمەدا بێ، نرخی خۆی و ئەرشیڤەکەی دەزانین.

**ڕامان:** ئاخر تۆ دەزانی ئەو دەنگە تۆمارکراوانە هیی خوداداد عەلی و ئەوانەی دی بەهۆی ئەو گەرما زۆرەوە بەرگە ناگرێ و نامێنێتەوە، ئاگاداری دوێنێ خانەقین کوڵابوو، لەسەر جاددە تەیروتواڵ بەر دەبوونەوە و دەمردن، خانەقین ئەوەندە گەرم بوو، لەوێ دۆخێکی سەیر بوو، ئاویان بەسەر جاددە قیرەکەدا دەکرد، برکی دەکرد و لە گەرمان دەبووە هەڵم، ئەگەر ئەو کاسێتانە بەباشی هەڵنەگیرێن، بە تێپەڕبوونی ڕۆژ و مانگ و ساڵ، ئەو کاسێت و سێدییانە وردە وردە هەمووی بەهۆی شێ، گەرما، سەرما، ڕووناکی تێک دەچن، ئەم هۆکارانە لە تێکدانی ئەو ئەرشیڤەدا تەئسیری خۆیان هەیە، هیوادارم ئەو برادەرانە، ئەگەر دەیانناسن، خەبەریان بۆ بنێرن تا ئەو ئەرشیڤە بە باشی بپارێزن.

**خەلیل موراد وەندی:** حەتمەن خۆیان دەزانن ئەو گەرمی و ساردییە، ئەو تەئسیرە خراپەی هەیە.

**ڕامان:** هیوادارم وابێ.. بێجگە لە خوداداد عەلی، یان پێش تۆ کێی تر هەبووە دەنگی خۆش بێ و لە خانەقین ناسرابێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە لایەنی هۆرەوە؟

**ڕامان:** دیارە لەلای ئێوە تەنیا هۆرە زۆر باو بووە، بۆیە زۆر ناوی دەبەی؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، لای ئێمە میرزایەک هەبووە.

**ڕامان:** لە خودادادی عەلی گەورەتر بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، ئەویش لەناو شار بوو، لەگەڵ خودادادی عەلی تەمەنیان لە یەکەوە نزیک بوو.

**ڕامان:** بێجگە لە میرزا کەسی تر هەبوو؟ میرزا بە چ ناوبانگی دەرکردبوو؟ بڵێین نازناوێکی هەبوویێ؟ ناوی باوکی، یان ناوێکی دیکەی لەگەڵ نەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، ناوی میرزا شێرزا بوو، یەکێک هەبوو عیسا شێتیان پێ دەگوت، لەناو بازاڕ بوو، بۆخۆی گۆرانی دەگوت، من حەزم لەوانە نەبوو، ئەوەندە گوێم لێ نەدەگرت.

**ڕامان:** بۆچی پێیان دەگوت عیسا شێت؟

**خەلیل موراد وەندی:** هەر بە ئارەزووی خۆی لەناو بازاڕ گۆرانی دەگوت.

**ڕامان:** لەبەر ئەوەی لەناو خەڵکی و لە بازاڕ گۆرانیی گوتووە، پێیان گوتووە شێت؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، دەنگی بەرز بوو.

**ڕامان:** عەقڵی ئاسایی بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە دەنگی بەرز گۆرانی گوتووە، پێیان گوتووە شێت؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، تەقریبەن ئەوە وایە.

**ڕامان:** سەیرە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەیە، کە هونەر و هونەرمەندان بەو شێوەیە دەبینن و هەڵدەسەنگێنن.

**خەلیل موراد وەندی:** ڕاستە، ئەوە ڕوانینی کۆمەڵ بوو بۆی.

**ڕامان:** دەمەوێ پێم بڵێی لە خانەقین، بەپێی تەمەنی خۆت، یان باوکت، مامت، کەسێک، لەوانەی تەمەنیان لە تۆ زیاترە و بۆتیان گێڕابێتەوە، بۆنەیەک هەبوویێ، یان ئاهەنگیان کردبێ، ئاهەنگەکان نیشتمانی و نەتەوەیی بووبن، چونکە لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە، ئیتر کەشوهەوایەکی لە بار و کرانەوەیەکی سیاسی لە سەرتاپای عێراق هەبوو، لەو ساڵە بەدواوە ئاهەنگ و بۆنە زۆر بوون، بەڵام پێش ئەوە لە چلەکان، پەنجاکان، شەستەکان، نەتبیستووە ئاهەنگ لە خانەقین کرابێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** هەر تەنیا لە جەژنی نەورۆز و لەو ڕێوڕەسمەدا بووبووە، کانگەی گۆرانیگوتن، هەر لە جەژنەکان ئەو پیاوە دەنگخۆشانە دەهاتن و کۆ دەبوونەوە و گۆرانییان دەگوت.

**ڕامان:** ئەو گۆرانیبێژانە دەهاتنە سەر شانۆ گۆرانییان دەگوت، گۆرانیگوتنەکەیان چۆن بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** دەهۆڵ لێ دەدرا، دەهۆڵ و زوڕنا هەبوو، کە لێیان دەدا خەڵک لێیان کۆدەبوونەوە، ئیتر ئەوانیش خەریکی گوتی گۆرانییەکە دەبوون، پاشان هەرچییەکیان وەکوو پارە، لە خەڵک وەربگرتایە، لەناو خۆیاندا دابەشیان دەکرد، لەو بۆنانەدا هونەرمەند خودادادی عەلی زیاتر دەردەکەوت و خەڵک گوێی لێ دەگرت.

**ڕامان:** ئەی (عیسا شێت)یش بەشدار دەبوو، ئەویش لەگەڵیان بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، عیسا شێت لە بازاڕی ئاسایی، نەک لە جەژن و بۆنە و ڕێوڕەسمەکاندا، بەبێ پارە بۆخۆی گۆرانی دەگوت.

**ڕامان:** باوەڕ بکە هیی ئەمیان لە هەمووی تەواوترە، چونکە گۆرانی بۆخۆت بڵێی، ڕاستگۆیانەتر

و بێ تەکلیف و خۆشتری دەڵێی.. ئەی میرزا دەوری چ بوو، ئەویش لەگەڵ خودادادی عەلی بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** میرزا لە خانەقین دوکاندار بوو، دوکانەکەی قوماشی تێدا دەفرۆشت، بەرانبەر حسێن خەیات، باوکی محەمەد زەهاوی بوو.

**ڕامان:** ناوی تەواوی چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** حسێنە شەل، ئێستا کوڕەکەی، د. محەمەد زەهاوی هاتووە بۆ هەولێر و لێرە دادەنیشێ، ئەویش ناوبەناو بە ڕێکەوت دەیبینم.

**ڕامان:** کە ناوبەناو لە هەندێ بۆنەدا ئامادە دەبێ، منیش دەیبینم.

**خەلیل موراد وەندی:** دێتە لام بۆماڵەوە، یان شەوانە تەلەفۆنم بۆ دەکا، یان لەگەڵ هەندێ برادەر دەچینە لای.

**ڕامان:** ئەی ئەو گۆرانییانەی دەگوتران، ئەو گۆڤەند و شاییەی دەکران، ئەوەندەی هیی ڕابوردووت بیستبێت، یان ئەوەی لەسەردەمی خۆت بینیوتە، گۆرانی هەر بە کوردی دەگوترا، یان عەرەبییشی تێدا بوو، لە خانەقین گۆرانی بە زمانی تریش دەگوترا؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، سەردەمی من هەر بە کوردی گۆرانی دەگوترا، من بە دەنگی هونەرمەند مەزهەری خالیقی سەرسام بووم، بۆیە گۆرانییەکانی ئەوم دەگوتەوە، زۆربەی جارەکان گۆرانییەکانی ئەوم دەگوتەوە.

**ڕامان:** لەبەر ئەوەیە پێیان گوتووی مەزهەری خالیقی دووەم.. ئەی پێش تۆ، گۆرانیبێژەکان هەر بە کوردی گۆرانییان دەگوت، یان بە زمانی تریش گۆرانییان گوتووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، لە گوندەکەمان، چونکە هەمووی کورد بوو، تەنیا گۆرانی کوردییان دەگوت، ئەوسا گۆرانی عەرەبی زۆر کەم بوو.

**ڕامان:** ئەو گۆرانیگوتنە بە عەرەبی، تا ساڵی چەند ئەوها کەم بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** سەرەتا گۆرانیگوتن بە عەرەبی، زۆر کەم بوو.

**ڕامان:** کەی گۆرانی عەرەبی زیادی کرد و پتر هاتە ناوەوە، ئەوە ساڵی چەند دەستی پێکرد؟

**خەلیل موراد وەندی:** دەوری ساڵانی١٩٧٠ و ١٩٧١ و ١٩٧٢ و ١٩٧٣ وردە وردە گۆرانیی عەرەبی زیاتر بوو.

**ڕامان:** کەواتە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، وردە وردە گۆرانی عەرەبی تێکەوت و بەرەو زیادبوون ڕۆیشت؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** من وامدەزانی بە بۆنەی جاڕدانی ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار، کە لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ لە ئارادا بووە، هەموو شتەکان بەرەو کوردێنی ڕۆیشتوون، دوای ساڵی ١٩٧٤، کە شەڕ دەستی پێکردووەتەوە، واتە دوای تەعریب و تەبعیس و ڕاگواستن، پێم وابوو تەعریبی زیاتر دەستی پێکردبێ، چونکە ئەو (٤) ساڵە هونەری کوردی بووژانەوەیەکی گەورەی بە خۆیەوە دی، بەو حیسابە بێ، دەبێ لەو ساڵانەدا گۆرانیی عەرەبی نەگوترابێ، بەڕای من دەبێ زۆربوونی گۆرانی عەرەبی، دوای ساڵی ١٩٧٤ بە دواوە بووبێ، تۆ چی دەڵێی؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئا، ئەو قسەیە دروستە.

**ڕامان:** گۆرانیبێژەکان کە گۆرانییان بە عەرەبی دەگوت، کورد، یان ئەو عەرەبانە بوون کە هاتبوونە ئەو ناوەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەوانەی بە عەرەبی گۆرانییان دەگوت، عەرەب بوون.

**ڕامان:** ئەو قسەیەت بەو مانایە دێ کە وردە وردە تەعریب لەو ناوچەیەتان دەستی پێکردووە، وا نییە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، وایە.

**ڕامان:** بەداخەوە، زۆریش بەداخەوە، مەسەلەکە وا دەکەوێتەوە.. ئێستا دێینە سەر چوونە قوتابخانە، تۆ لە تەمەنی چەند ساڵی چوویتە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** تەمەنم شەش ساڵ بوو، لەبەر ئەوەی کوڕی کوێخاکەمان..

**ڕامان:** ناوی کوێخاکەتان چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** کوێخا عەباس، باوکی عەلی و فوئاد و ئەوانە ...

**ڕامان:** ئەی کوێخا عەباس، باوکی خۆی ناوی چییە؟

**خەلیل موراد وەندی:** قولی، کوێخا عەباس قولی.

**ڕامان:** ئەو (قولی)یەش ناوێکی خۆشە، ئەوجا کوڕی ئەو کوێخایەش لەگەڵتان هاتە قوتابخانەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، کوڕی ئەویش پێش من چووبوو بۆ قوتابخانە، ئەو کوڕە یەکەم ساڵ لە قوتابخانە ڕای کردبوو، ئەوجا کوێخا عەباس بە باوکمی گوت، (خەلیل)ی کوڕیشت بێنە با بێتە هاوڕێی کوڕەکەم و پێکەوە بچنە قوتابخانەوە، خۆشم ڕۆژانە دەیانبەم، بۆیە دەزانم لە شەش ساڵییەوە چوومەتە قوتابخانە.

**ڕامان:** ئەوە زانیمان لە تەمەنی شەش ساڵییەوە چوویتە قوتابخانەوە، ناوی قوتابخانەکەت چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** ناوی قوتابخانەی سەرەتاییم (غازی یەکەم- غازي الأول) بوو.

**ڕامان:** بە زمانی کوردی، یان بە عەرەبی خوێندت؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەو ڕۆژگارە خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو.

**ڕامان:** ئەو چوونە قوتابخانەیەت، ساڵی چەند بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** تەمەنم شەش ساڵی بوو.

**ڕامان:** کەواتە پێمان بڵێ، کەی لە دایکبووی؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە ساڵی ١٩٤٧ لە دایک بووم.

**ڕامان:** شەش ساڵیشی بخەرە سەر، واتە دەبێتە ساڵی ١٩٥٣، دەبێ ساڵی خوێندنی ١٩٥٣- ١٩٥٤ بووبێ، کە چوویتە قوتابخانەوە. پێش ئەوەی بچیتە بەر خوێندنی ڕەسمی، لە حوجرە لەلای مەلایەک نەتخوێندووە؟ فەقێیەتیت نەکردووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** (حسێن عەلی عەباس وەندی)ی پوورزام کە لە من منداڵتر بوو، دەچووە لای مەلا و لە حوجرە دەیخوێند.

**ڕامان:** مەلایەکە ناوی چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** لە گەڕەکی مەزرەعە بوو، نزیک پاشاکۆپرییە.

**ڕامان:** زانیمان ئەو دەچووە لای ئەو مەلایە، مەلاکە ناوی چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، چیت عەرز بکەم، دوو سێیەک بوون.

**ڕامان:** ناوی ئەو مەلایانە بڵێی خراپ نییە، مەلاکان کورد بوون؟

**خەلیل موراد وەندی:** کورد و تورکمان بوون، ئەوجا بە کوردی وانەیان بە فەقێکان دەگوتەوە، مەلاکەش ناوی مەلا عەباس محەمەد بوو، نابینا بوو، خۆی و دوو سێ مەلای دی بوون.

**ڕامان؛** ناوی مەلاکانت لەبیر ماوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** تا ڕادەیەک لەبیرمن، یەکێکیان ناوی مەلا عەباس محەمەدە، کە تورکمان بوو، مەلا نەجم، مەلا عەبدولسەمەد کە مەلا عەوسەمەد ناویان دەبرد.

**ڕامان:** ئەوەی کە چووبووە لای ئەو مەلایانەوە، میمکزات بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ناوی حسێن بوو.

**ڕامان:** (حسێن)ی میمکزات باوکی ناوی چ بوو؟ بە تەواوی ناوەکەی بڵێ.

**خەلیل موراد وەندی:** حسێن عەلی عەباس عەلی.

**ڕامان:** ئەوجا تۆ لەگەڵ حسێن عەلی دەچووی بۆ حوجرە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەین بەین لەگەڵی دەچووم، شتەکانم دەهاتەوە یاد.

**ڕامان:** خوێندنی حوجرەت پێ خۆش بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** لەوێ هیچ فێر بووی؟ شتێکت لەبیر ماوە کە لە حوجرە فێری بووبی و سوودت لێ وەرگرتبێ؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، من ئەو کاتە زۆر منداڵ بووم.

**ڕامان:** زۆر چاکە، ئیتر سوودت لە خوێندنی سەرەتایی وەرگرت، لە خوێندنی سەرەتایی فێری خوێندنەوە و نووسین بووی، ئەلفوبێی عەرەبی و خەلدوونیەت خوێندووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** نا، زەمانی ئێمە تەبارەک بوو.

**ڕامان:** کە قوتابی دەچێتە سەرەتایی، بۆ ئەوەیە فێری ئەلفوبێ و نووسین و خوێندنەوە بی، تۆ تەبارەکت خوێند؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئەو کاتە خەلدوونییە نەهاتبوو، لەجیاتی ئەوە قورئان بوو.

**ڕامان:** لەجیاتی ئەوە جوزوعەمەتان دەخوێند؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، هەر جوزوعەمە بوو.

**ڕامان:** بۆ ئەوەی فێری ئەلفوبێ بیت، سەرەتا جوزوعەمەت خوێند؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** وانەکانی دی چ بوون؟ (ئەشیا و سحە)ی تێدا بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** کە چووینە سەرەتایی؟

**ڕامان:** بەڵێ، ئێمە باسی خوێندنی پۆلی یەکی سەرەتایی تۆ دەکەین.

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ بەڵێ، وانەکان ئەشیا و سحە بوو، ئەلقیرائە (خوێندنەوە)مان هەبوو.

**ڕامان:** ئایین، ئەشیا و سیحە، ئەلقیرائە (خوێندنەوە) و وەرزش هەبووە، ئەی وانەی هونەر، سروود و نیگارکێشان هەبوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، ئەوانە هەبوون، ئەو کاتە سروود بە دەنگ دەگوترا.

**ڕامان:** مامۆستاتان هەبوو سروودتان پێ بڵێتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە کورد بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایەی هونەر، هونەرمەند بوو، یان بە سەریاندا سەپاندبوو ئەو وانەیە بڵێتەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** مامۆستاکە کوردی خانەقین بوو.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە ناوی چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** مامۆستا جاوید.

**ڕامان:** جاوید، ئەو ناوە خۆشە، ئەی باوکی ناوی چ بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** سەعید.

**ڕامـان:** دەمخـۆش، جاویـد سـەعید، هـەر بـە عـوودەوە دەهـات سـروودی فێـر دەکـردن، یـان بەبـێ عـوود دەهـات؟

**خەلیل مـوراد وەندی:** نا، هـەر تەنیا بۆخـۆی دەهات، بەبـێ ئامێـری مۆسـیقا بـوو، ئیحترامـم بـۆ جەنابـت، باوکـی خەرەکـدار بـوو، ئـەو پیـاوەی کـە بـە گوێدرێـژ کەلوپەلـی لـەم گونـد بـۆ ئـەو گونـد دەگواسـتەوە.

**ڕامـان:** خەرەکدار! هەرچەنـدە ئـەو ناوە فارسـییە، بەڵام سەرنجڕاکێشـە.

**خەلیل موراد وەندی:** خەر، واتە گوێدرێژ.

**ڕامـان:** دەزانـم.. مامۆسـتای سـروود کـە دەهـات هیـچ جارێـک ئامێرێکـی لەگـەڵ خـۆی نەهێنـا؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** نەخێـر، نـا، لـە ئامێـری مۆسـیقای نەدەزانـی.

**ڕامـان:** سـروودەکان کـوردی، یـان ئەوانیـش هـەر عەرەبـی بوون؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** ئاوازەکـە وەک سـروود بـوو، مەوتنـی، مەوتنـی، ئەلسـەلام وەلجـەلال و... بـوو.

**ڕامـان:** دیـارە ئـەو سـروودە لـەو زەمانیشـدا هـەر هەبـووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵـێ.

**ڕامـان:** ماشـەڵڵا لـەو عەقڵەیـان.. ئەی هیچ سـروودێکی کوردی نەبوو، سـروودی کوردی تـێ نەکەوت؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** سـروودی کـوردی نەبـوو، نایەتـە بیـرم هەبووبـێ، لـە وانـەی وەرزش گەمـەی ڕاکێـت (پیـم پۆنـگ) و ئەوانـە هەبـوو.

**ڕامـان:** ئـەو یارییـە تۆپـی سـەرمێز، (کرة المنضدة)ی پـێ دەڵێـن.

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** ئـەوەش وەسـایلی خـۆی هەبـوو.

**ڕامـان:** وەرزشەکەتان هەر ئەوە بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** تەقریبەن.

**ڕامـان:** وەک هونەرمەندێـک هیـچ سـوودت لـە وانـەی هونـەر وەرگرتـووە؟ بـۆ نموونـە مامۆسـتا بێتـە ژوورەوە و بڵـێ ئـەرێ کـێ دەنگـی خۆشـە، یان بڵـێ بـا کەسـێک شـیعرێک بخوێنێتـەوە، سـروودێک، گۆرانییـەک بڵـێ، شـتی وا لـەلای ئێـوە هەبـوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ، هەبووە.

**ڕامـان:** هـەر ئـەو مامۆسـتا جاویـد سـەعیدە لـە پۆلەکـەدا تـۆی هەڵسـاند؟

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** نـا، مامۆسـتای تریـش هەبـوو، زیاتـر وانـەی قورئانمـان بـە تەجویـد دەخوێنـد، لەوانـەی ئاییـن قوتابییـەکان یەکە یەکە قورئانەکەیـان دەخوێنـدەوە، ئەگـەر یەکێکیـان هەڵـەی بکردبایـە، مـن بۆیـم ڕاسـت دەکـردەوە.

**ڕامـان:** دیـارە بەهـۆی هاتوچۆکردنـی حوجرەوە، عەرەبییەکـەت بـاش بـووە؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامان:** پێشتر قورئانت خوێندبووەوە؟

**خەلیل موراد وەندی:** زۆر کەم.

**ڕامـان:** کەوایـە کەمێک شـارەزاییت لێـی هەبووە، بۆیـە بۆیانـت ڕاسـت کردووەتەوە.

**خەلیـل مـوراد وەنـدی:** ئـا ئـا، ئـەوان تەماشـای قورئانەکەیـان دەکـرد، منیـش هـەر بـەدەم داڵغـەوە، بـۆم ڕاسـت دەکردنـەوە.

**ڕامان:** گوتت قورئانمان بە تەجوید دەخوێند؟

**خەلیل موراد وەندی:** بەڵێ.

**ڕامـان:** دەنگت بـۆ تەجوید چـۆن بـوو، مامۆسـتا و قوتابییـەکان دەنگـی تۆیـان پـێ خـۆش بـوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** تەقریبەن باش بوو.

**ڕامان:** مامۆستا بەدڵی بوو؟

**خەلیل موراد وەندی:** ئا، بەڵێ.